# دۆزی ئافرەت

## لەنێوان ئازادکردن و بەسەنتەرکردنی مێینە ( فێمینیزم )

# دۆزی ئافرەت

## لەنێوان ئازادکردن و بەسەنتەرکردنی مێینە ( فێمینیزم )

نووسینی: د. عەبدولوەهاب مەسیری

وەرگێڕانی: د. فاتیح سەنگاوی

# دۆزی ئافرەت

## لەنێوان ئازادکردن و بەسەنتەرکردنی مێینە (فێمینیزم)

له بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (٨٣)

- نووسینی: د. عەبدولوەهاب مەسیری
- وەرگێڕانی: د. فاتیح سەنگاوی
- بابەت: فیکری
- چاپ: دووەم - ٢٠١٩ - ناوەندی ڕێنوێن.

له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٢٥٥٤)ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق - سلێمانی - شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی - نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# پێڕست


پێشەكیی چاپی دووەم ........................................ ٧

وتەیەك ................................................ ١٥

یەكەم: لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤی سرووشتیدا .......................١٧

دووەم: یەكسانی و یەكسانكردن ................................٣٠

سێیەم: هەردوو بزاڤی ئازادكردنی ئافرەتان و بەسەنتەركردنی مێینە ........٣٩

چوارەم: تاكرِەهەندی نەگۆڕ و سەنتەربوون بەدەوری مێیینەدا ..............٤٨

پێنجەم: تاكرەهەندیی ناجێگیر و توانەوەی مێ ........................٦٢

شەشەم: بزاڤی بەسەنتەركردنی مێینە و سیستمی نوێی جیهانی ........... ٦٦

حەوتەم: بزاڤی بەسەنتەركردنی مێینە و زایۆنیەت ......................٧١

هەشتەم: گەڕان بەدوای جێگرەوە (البدیل)دا ........................... ٧٧

كۆتایی ................................................٩٥

# پێشەکیی چاپی دووەم

لــە چــوارچێوەی فیکری ئیسلامیدا چـــەمکی جێنـدەر بـە واتـا زاراوەییەکەی و بزاڤەکانی فێمینیزم وەك شەپۆلێکی تری داکۆکیکار لە ئـافرەت و ڕەگـەزی مێینـە بووەتـە جێگـەی بایـەخ و گرنگیپێـدان لـە ڕێگەی چەندین باس و توێژینەوەی[1] زانستی، ناوەڕۆکی ئەم چـەمکە و ڕێبازی کارکردنی ئەو بزاڤانە بووەتە جێگەی مشتومڕێکی زۆر، بەهۆی ئەو ناکۆکییەی لەبارەیانەوە هەیە و ئەو ڕاجیاییـەی دروسـتی کـردووە لـــەنێو کۆمەڵگـــە ئیســـلامییەکاندا، بەتایبـــەت لـــەو بوارانـــەی دژ دەوەســـتێتەوە لەگــەڵ بنــەماکانی دیــن و بیروبــاوەڕ و نــەگۆڕەکانی شەریعەت و ئەخلاق و بەهاکاندا.

مەبەست لە چەمکی جێندەر یان جۆری کۆمەڵایـەتی ئەوەیـە مـرۆڤ بتوانێت ـ پیاو بێت یـان ئـافرەت ـ ئـەو ڕۆڵ و وەزیفـە کۆمەڵایەتییانـە ببینێت کە هیچ پەیوەندییەکی بە جۆری بایۆلۆژییەوە نییە، بۆ نموونە پیـاو لـە توانایـدا بێـت بـە هــەموو ڕۆڵــە کۆمەڵایەتییــەکانی ئـافرەت هەستێت بەبێ هەڵاوێردن، بە هەمان شێوە ئافرەت بتوانێت بە هـەموو

---

[1] بۆ نموونە: حركات تحرير المرأة من المساواة إلى الجنـدر دراسـة إسـلامية نافـذة، مثنـى أمـين الكردستاني، حقيقة الجندر (النوع الاجتماعي) وموقف الاسلام منه، منى حسن السـروري، مفهـوم الجندر دراسة نقدية في ضوء الإسـلام، نهـى صـالح عبـدالله الخليفـي، مفهـوم الجنـدر وآثـاره علـى المجتمعات الإسلامية، أمل بنت عائض الرحيلـي، النـوع الاجتمـاعي (الجنـدر)، سـيما عـدنان أبـو رموز، آثار ثقافة الجندر وآليات مواجهتها في التربيـة الإسـلامية المعاصـرة، بدريـة صـالح الميمـان، الجندر مفهومه، أهدافه، وموقف الإسلام منه، حسن محمد شبالة.

ڕۆڵــە کۆمەڵایەتییــەکانی پیــاو هەســتێت بــەبێ هــەڵاوێردن، ئــەم دەستەواژەیە وەکو زاراوەیەك لە کۆنگرەی دانیشتووان و گەشەپێدانی قاهیرەوە لە ساڵی ١٩٩٤ز زیاتر برەوی پێ دراوە و بەکارهێنانی زیاتر بووە.

هەموو ئەو پێناسانەی لەبارەی جێندەرەوە دەکرێن کاریان لەسەر یەك جۆری ڕەگەزی مرۆیی کردووە، بە سڕینەوەی تایبەتمەندی و شەقڵەکانی نێرینەیی و مێیینەیی و هەڵوەشاندنەوەی جیاوازییە بایەلۆژییەکانی نێوان پیاو و ئافرەت و ئەو ڕۆڵانەی هەریەکەیان دەیگێڕن، بۆ ئەوەی دواجار هەریەکەیان بتوانێت ڕۆڵی ئەوی تر بگێڕێت، لە درێژەی ئەم باسوخواسەدا هاوڕەگەزبازیی نێوان نێر و نێر و مێ و مێ وەك خواستێکی بزاڤەکانی فێمینیزم سەر هەڵدەدات و چەندین چەمکی سەرەکیی بواری جێندەر دێتە ئاراوە، وەکو فەلسەفەی جێندەری کە بڕوایان وەهایە ئەو ڕۆڵانەی ئێستە هەریەکە لە پیاو و ئافرەت دەیگێڕن کۆمەڵگە بۆی دروست کردوون و زادەی کۆمەڵگایە نەك مێیینەیی و نێرینەیی! هەروەها ڕۆڵبینینەکانی هەریەکە لەو دوو ڕەگەزەش لە گۆڕاندان و دەکرێت ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت، جەختکردنەوەش زیاتر لەسەر مافەکانی ئافرەتە بەدەر لە ئەرکەکانی.

هەندێك زاراوەی پەیوەندیداریش هەیە گرێدراوی چەمکی جێندەرە و هەڵگری تێگەیشتنی نوێ و جیاوازە لەوانە:

١. بەهێز و بەتواناکردن و زاڵکردنی ئافرەت (Empowerment).

٢. درووستیی منداڵبوون (الصحة الإنجابية– Reproductive).

٣. جیاکاری (التمييز– Discrimination).

٤. ڕۆڵە چەشنییەکان (الأدوار النمطية– Stereotyped).

٥. ئازادیی ژیانی ناچەشن–ناباو–(حرية الحياة غير النمطية– SEXUAL Orientation Freedom).

٦. یەکگرتووەکان و پێکەوەژیاوەکان (المتحدون و المتعايشون– Union and Couples).

٧. شایستە خێزانییەکان (الاستحقاقات الأسرية–Family benefits).

ئەم زاراوانە لەلایەن بزاڤی فێمینیزمەوە بە شێوەیەك بەکار هێنراون کە زۆر جار بوونەتە هەڵگری واتایەکی جیاواز لەوەی کە بە زەینماندا دێت و زۆرتر بەلای ئازادیی سێکس و سێکسی ناسرووشتی و ڕووخانی خێزاندایە و بەدواداچوونی ئەو زاراوە و چەمکانە بۆ خوێنەر خۆی بەجێ دەهێڵین.

ئافرەت، ئەو کائینەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆرترین ستەمی بەرامبەر کراوە و زۆر جار بووەتە قوربانیی کەلتوور و دابونەریتی ناشیرینی کۆمەڵگا، هەر بۆیە باسوخواسی مافەکانی ئافرەت لە زۆر کۆنەوە جێی مشتومڕ و قسە و باسی جیاواز و لێکۆڵینەوەی زۆر و جۆراوجۆر و تێزی فیکریی جیاواز بووە. لە لایەکی ترەوە هەر ئاراستە و لە مەرجەعیەتی فیکریی خۆیەوە بۆی ڕوانیوە و تاوتوێی کردووە، تا کار گەیشتە ئەو ئاستەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چەندین

کۆبوونەوە و کۆنفراس و کۆنگرەی تایبەتی بۆ گیراوە، چ بۆ مافە سرووشتییەکانی ئافرەت و چ وەك داکۆکییەك لە خواستەکانی فێمینیزمی هاوسەنگ و توندڕەویش.

ئێمە لەبەردەم دوو یان سێ جۆر لە ڕێکخراوی ئافرەتانداین جگە لەو رێکخراوانەی لە ناوەندە ئیسلامییەکانەوە پشتیوانی دەکرێن و سەر بە مەرجەعیەتە ئیسلامییەکەن، جۆرێك کە خۆیان لە ڕێکخراوەکانی ئازادکردنی ئافرەتدا دەبیننەوە و داکۆکیکار بوون لە مافە ئاسایی و سرووشتییەکانی ئافرەت، بۆ نموونە باشترکردنی باری ئافرەت لە کۆمەڵگا و خوێندن و کار و تەندروستی و پاراستنی یاسایی، کە زیاتر خۆی لە بزاڤە لیبراڵەکانی ژنان و ئافرەتاندا دەبینێتەوە و لەگەڵ هەندێ خواستی تردا کە جێی ناکۆکی و مشتومڕی دید و دین و بیروبۆچونە جیاوازەکانە، دیارە بزاڤی مارکسیستانەی ئافرەتانیش خاڵی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ئەم بزاڤانەدا، بەدەر لە ئازادیی جۆراوجۆری ئافرەتان، جەختیش دەکەنەوە لەسەر تێکۆشان لە پێناوی خەڵکی چەوساوە و پەراوێزخراو و ڕەگەزپەرستێتی. جۆرێکی تری بزاڤەکانی ئافرەتان بزاڤە ڕادیکاڵەکان و فێمینیزمی توندڕەوە، کە نووسەر لەم کتێبەدا بە فێمینیزم یان بە بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینە ناوی بردوون و خاوەنی چەندین ئەجێندای جۆراوجۆرن و چەندین قۆناغ دەبڕن، کە دواجار ئاستە مرۆییبوونەکە تێدەپەڕێنێت، لە هەمان کاتدا داکۆکی لە ئافرەت

دەکەن وەك دژ و دوژمنێکی ڕەگەزی نێر و بەسەنتەرکردنی مێینە و گوتاری مێینە و ئافرەتسالاری، لە بەرامبەر ئەو هەژموونەی نێرینە و پیاوان هەیانبووە لە ڕابردوودا! ئەم بزاڤە جگە لە هەندێك کەسایەتیی فیکری و فەلسەفی، مەرجەعیەتی تەشریعیان ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی وەکو قاهیرە و پەکین و ئەستەنبول و نیۆرك–پەکین٥، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەرنجی زۆریان لەسەرە.

چەمکی جێندەریش بە چەندین ڕێگە گواستراوەتەوە و دەگواسترێتەوە بۆ کۆمەڵگاکانی تر، بەتایبەت کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، لەوانە: ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان[١] و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان[٢] و پاڵپشتیی بیانی[٣] و سەنتەر و پەیمانگاکانی توێژینەوە[٤] و دامودەزگا میدیاییە جۆربەجۆرەکان، هەریەکە لەم کەناڵانەش چەندین ڕێکخراو و دامودەزگای لە پشتەوەیە.

ئەو کۆنگرە و کۆنفرانسانە خواستەکانی هەردوو تایپەکەی ڕێکخراوەکانی تێدایە، بەڵام بە ڕۆیشتنی کات گوتاری توندڕەوە

---

[١] بۆ نموونە: صندوق الأمم المتحدة للسكان(UNFPA)، صندوق الأمم المتحدة الإنمائي للمرأة (UNIFEM)، المعهد الدولي للأبحاث والتدريب من أجل النهوض بالمرأة (INSTRAW) و چەندینیتر.

[٢] لە هەر وڵاتێکدا چەندین ڕێکخراوی حکومی و ناحکومی بەم کارە هەڵدەسن.

[٣] لەوانە دەزگاکانی فریدریش ئیبیرت و فریدریش ناومانی ئەڵمانی و فۆرد فاوندەیشن و ئەمیدێست و ئاژانسی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و ئاژانسی کەنەدی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، جگە لە سەفارەتەکانی وڵاتانی پشتیوانی ئەم پرۆژانە.

[٤] ئەمانیش بەپێی وڵات دەگۆڕێن.

فێمینیزمەکان لەنێو ئەو کۆبوونەوە و کۆنفرانسانە گوتاری زاڵ و باو بووە و مەرج و خواستەکانی ئەوانی تێدا سەپاوە[1]، ئەو ڕێککەوتننامە و کۆنگرانەش چەندین ئامانجی ئاشکرا و شارەوەیان هەیە، لە ئامانجە ئاشکراکانیان: فێرکردنی ئافرەتان و نەهێشتنی نەخوێندەواری و گرنگیدان بە ئافرەتانی بەتەمەن و خاوەن پێداویستیی تایبەت و دژایەتی و بەرەنگاربونەوەی باندەکانی بازرگانیکردن بە ئافرەت و جەستەیانەوە، یەکسانی لە کرێی کار و بەنزمسەیرکردنی ئافرەتان و دژایەتیی تەحەروشی سێکسی و ئیستیغلالکردنیان لەو بارەیەوە، بەتایبەت لە کاتی جەنگ و ململانێی چەکداریدا، لەگەڵ بانگەشەکردن

---

[1] لەو پەیماننامە و کۆنگرە نێودەوڵەتیانەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بووە بە ئافرەتەوە: اتفاقية حقوق المرأة السياسية، ١٩٥٢، المعاهدة الخاصّة بجنسية المرأة المتزوجة، ١٩٥٧، اتفاقية الرضا بالزواج، والحد الأدنى لسن الزواج، وتسجيل عقود الزواج، ١٩٦٢، ١٩٦٥، إعلان القضاء على التمييز ضد المرأة، ١٩٦٧، اتفاقية القضاء على جميع أشكال التمييز ضد المرأة، ١٩٧٩، المعروفة بسيداو،CEDAW)، سەرەڕای چەندین کۆنگرەی تری تایبەت بە ئافرەت، لەوانە: مؤتمر مكسيكو الأول لعقد الأمم المتحدة للمرأة: المساواة، والتنمية، والسلم، ١٩٧٥، مكسيك المؤتمر العالمي الثاني لعقد الأمم المتحدة للمرأة: المساواة، والتنمية، والسلم، ١٩٨٠، مكسيك، كوبنهاجن، دنمرك، المؤتمر العالمي الثالث لاستعراض وتقييم منجزات عقد الأمم المتحدة للمرأة، ١٩٨٥...، نيروبي، كينيا، المؤتمر العالمي الرابع المعني بالمرأة، ١٩٩٥، بكين، صين، لەگەڵ چەندین کۆنگرەی گشتی تایبەت بە چەندین دۆزی جیاواز، بەڵام پەیوەندیدار بە ئافرەتەوە وەکو کۆنگرەکانی دانیشتووانی بوخارستی١٩٧٤ ومەکسیکۆی١٩٨٤ و قاهیرەی ١٩٩٤ و ئیستەنبولی١٩٩٦، هەروەها کۆنگرەکانی گەشەپێدانی ریودی جانیرۆی ١٩٩٢ و کۆبنهاگنی١٩٩٥ و نیۆرکی٢٠٠٠ و کۆنگرەکانی مافی مرۆڤی ڤیەننای١٩٩٣ و نیۆرکی ١٩٩٠ و چەندین کۆنگرە و کۆنفرانسی تر.

بـۆ شـیردانی سرووشـتیی دایـك و بەرپرسـیارێتی دایـك و بـاوك لـە پەروەردەکردنی منداڵ و هتد.

بەلاّم ئامانجە شاراوەکانیان، کـە مەترسییە سـەرەکییەکە لێـرەدا کورت دەبێتەوە، لەوانە: دابـڕینی ئـایین لـە بوارەکـانی ژیـان و دانـانی چەند یاسا و ڕێسـایەك کـە کـۆنترۆڵی ڕەفتـاری مـرۆڤ بکـات و ڕێکیـان بخات بەو شێوەی خواستەکانی ئەوان بهێنێتە دی، لەگـەڵ سـەپاندنی شەقڵ و شێوازی ژیانی ڕۆژئاواییانە و لاوازکردنی ڕۆشنبیری گەلانی تـر و هەڵوەشـاندنەوەی ژیـانی خێزانـی و بەمەرجـەعکردنی ڕێککەتننامـە نێودەوڵەتییەکان، گەرچـی دژی دیـن و بیروبـاوەڕ و بۆچـوونی گـەلانی دیکـــەش بێـــت. لەگـــەڵ سێکســـی جۆراوجـــۆری بـــێ بەنـــدوباو و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و بەها ڕەوشتی و کۆمەلاّیەتییەکان!

گومان لەوەدا نییـە بزووتنـەوەکانی جێنـدەر و فێمینیـزم چـەندین کاریگەریی ڕۆشنبیری و کۆمەلاّیەتی و ڕەوشتی و فێرکـاری و ئـابووری بـــەجێ دەهـــێڵن، کـــە بەشـــێکی زۆریـــان بـــە دیـــوە نێگـــەتیڤ و نەرێنییەکەیدایـــە و دژ دەوەســـتێت لەگـــەڵ جـــێگیر و بنـــەما ســـەرەکییەکانی دیـــن و ڕەوشـــت و خێـــزان و بـــاری کۆمەلاّیـــەتی و پەیوەنـدیی نێـوان دوو ڕەگــەز و هاوڕەگەزەکانــدا، ئەمــەش ئــەوە دەخوازێت بەقووڵی توێژینەوەی ئەم چەمکە و ئەو بزاڤانەش بکرێت بۆ

ئەوەی هەڵوێستی دروستی فیکری و شەرعی و یاسایی لە بەرامبەردا بگیرێتە بەر[1].

لە چاپی دووەمی ئەم کتێبەدا هەوڵم داوە جارێکی تر بە وەرگێڕانەکەدا بچمەوە و (جگە لەم پێشەکییەی کە بە گرنگم بینی) چەندین پەراوێزی ڕوونکاریی ترم زیاد کردووە، بەهیوای ئەوەی بۆ خوێنەر ئاسانتر بێت، بەتایبەت شێوازی نووسینەکانی دکتۆر مەسیری، کە خۆی ئاڵۆزە و پێویستی بە پێشینەیەکی ڕۆشنبیریی قووڵ هەیە، بەڵام ڕێگەشم بە خۆم نەداوە لە ئەسڵی دەقەکە دەرچم و ئازادیی تەواو وەربگرم بۆ وەرگێڕانی. بەهیوای ئەوەی ئەم چاپە سوودی زیاتر بێت بۆ خوێنەران و خوازیارانی ئەم مەیدانە و دەروازەیەکیش بێت بۆ ئاوالاکردنی دەرگا و ئاسانکردنی چوونە نێو ئەم باسەوە.

**فاتیح سەنگاوی**

**سلێمانی ٢٠١٩/١٠/٧**

[1] بۆ ئەم پێشەکییە سوود بینراوە لە کتێبی: مفهوم الجندر وآثاره على المجتمعات الإسلامية، أمل بنت عائض الرحيلي، جدة، ١٤٣٧هـ .

# وتەیەك

ئەم نووسراوەی د. عەبدولوەهاب مەسیری توێژینەوەیەكی گرنگ و جیدییە سەبارەت بە بزاڤی فێمینیزم، كە نووسەر بە بزاڤی بەسەنتەركردنی مێینە ناوزەدی دەكات، لەم توێژینەوەیەدا نووسەر دەیەێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕیشە و بنەمایانەی ئەم بزاڤەی لەسەر ڕۆنراوە و قسەش لەوە بكا كە سەرەنجام و ئایندەی بە چ ئاقارێكدا دەڕوات و چی پێ دەكرێت بۆ دۆزی ئافرەت و كێشەی مێینە و كاریگەرییشی چی دەبێت سەبارەت بە كۆمەڵگە بە گشتی و دۆزی ئافرەت بە تایبەتی.

هەر لەم میانەیەشدا پێگە فیكرییەكانی ئەم بزاڤە دەخاتە ڕوو، جیاوازییەكی ئاشكراش دەكات لە نێوان ئەم بزاڤە و بزاڤی ئازادكردنی ئافرەتان و داكۆكیكردن لە مافەكانیان، كە بە بزاڤی ڕزگاركردنی ئافرەتان (حركة تحرير المرأة) ناسراوە، ئەوەشی ڕووی زانستی و بابەتیبوونی ئەم توێژینەوەیە دەخاتە ڕوو قووڵبوونەوە و قاڵبوونەوەی نووسەرە لە نێوان فیكری ڕۆژئاوادا بە گشتی و دۆزی ئافرەتیش وەك بابەتێكی خاوەن ڕیشە و ئاوكێش، بگرە نووسەر خۆیشی خۆی بە ئاڵاهەڵگری داكۆكیكردن لە مافەكانی ئافرەت زانیوە و سەردەمانێكیش خولیا و خەمێكی تایبەتی بووە و ئێستاش دەیەوێت بە دیدێكی هاوسەنگ و پاشخانێكی بەهێزەوە بۆ ئەم دۆزە بڕوانێت و ئەڵتەرناتیڤێكی بەهێزتر لەم بارەوە بخاتە ڕوو. ئەمە جگە لەوەی

نووسەر لە بوارەکانی تردا جێدەستی دیارە و خاوەنی دەیان کتێب و توێژینەوەی زانستیی ترە و کەسێکی ئەکادیمی و بیرمەندێکی ناسراوە.

ئەوەی پەیوەندیی هەیە بە کۆمەڵگەی خۆمانەوە، بە ڕای من وەرگێڕانی نووسراوێکی وەها گرنگییەکی تایبەتی دەبێت و چینی ڕۆشنبیران و ئافرەتانیش بەتایبەت سوودمەند دەبن لێی، لە لایەکەوە دید و ڕوانگەیەکی ڕەخنەییە بۆ بزاڤی فێمینیزم و دەروازەیەکە بۆ ناسینی زیاتری ئەم بزاڤە، لە لایەکی ترەوە کوردستانی خۆشمان بێپشك نەبووە لە کاریگەریی ئەم بزاڤە و بانگەشەکارانی، بەتایبەتی ئێستاکە هەر وەك (ناسك قادر) لە هاوولاتی ژمارە (٦٢ ی ٢٠٠٢/٣/٤) دا دەڵێت: "لەگەڵ ئەوەی فێمینیزم چەند باڵێکی هەیە، ئەو باڵەی کە خەریکە بۆ کوردستان دەبرێتەوە، بریتییە لە ڕادیکاڵ فێمینیزم کە جگە لە ڕقی ئافرەت لە خۆی و لە پیاو چیدی نییە".

کەواتە دەکرێت ئەم جۆرە نووسینانە ڕۆڵی خۆیان لە پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا ببینن و خستنەڕووی ڕوانگەیەکی تایبەت بن لەسەر ئەم بزاڤە، بە هیوای ئەوەی ئەم وەرگێڕانە کەلێنێك پڕ بکاتەوە – ئەگەر کەمیش بێت– لە کتێبخانەی کوردی و بابەتی جیددیی تریشی بەدوادا بێت.

**وەرگێڕ**

**٢٠٠٠/٣/٧ چەمچەماڵ**

## یەکەم: لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤی سرووشتیدا[1]

یەکێك لـە بابـەت و مەسـەلە باوەکـانی ئێسـتامان لـەئامێزگرتنێکی گەرموگوڕ و بێوێنەی زۆربەی (ئەگەر نەڵێین هەموو) ئەو بیروبۆچـون و تێڕوانینانەیـە کـە لـە ڕۆژئـاواوە بۆمـان دێـت، بـەبێ ئـەوەی هـەوڵی شیتەڵکردن یان ڕاڤـەکردنیان بـدەین، وە بـەبێ ئـەوەی هەسـت بـەوە بکـەین ئـەوەی کـە لەوانەیـە بۆمـان دێـت ڕوانـین و دیـد و لایـەنگریی ئـەوانمان بـۆ دەخاتــە ڕوو (هــەر وەك لــە هــەموو شــتێکی مرۆڤانــەدا پێشبینیی شتی وەهـا دەکرێـت) هـەر بۆیـە لـە توێژینـەوە عـەرەبی و ئیسلامییەکاندا نائامادەییەکی تێبینیکراو بەرچاو دەکەوێت سـەبارەت بە ڕەهەندی ڕەخنەیی ئەو چەمك و زاراوانەی کە ڕۆژئاواییین.

چونکە ئێمە بەردەوام وەها ڕاهاتوین تەنها بەوەنـدە واز دەهێـنین کە بیر و هزریان لە لە دیـد و بۆچـوونی خۆیانـەوە بگوازینـەوە، بـەبێ ئەوەی هیچ پرسیارێکیان ئاڕاستە بکەین کە هەڵقوڵاوی دید و ئەزموونە مێـژویی و مرۆییــەکانی خۆمـان بێـت، وە بـەبێ ئـەوەی بڕوانینـە ئـەو بابەتە سەرەکییە گرنگ و کۆتاییانەی شاراوەن لەنێو ئەو دەقانەی کە دەیگوازینەوە و ڕاڤەی دەکەین، هەر بۆ نموونە ئێمە ناپرسـین لـەوەی کە ئایـا ئـەو مرۆڤـەی –لـە دەقـە گواسـتراوەکاندا خـۆی دەنوێنێـت– بوونەوەرێکی ماددیی سادەیە یاخود بوونەوەرێکی پێکهاتەی ئاڵۆزە و

[1] مرۆڤی سرووشتی هەمان چەمکی مرۆڤی ماددییە. وەرگێڕ

مادده تێدەپەڕێنێت؟ ئایا ئـەو مرۆڤـە لـەکوێوە پێـوەرێتی و سـەنگی خۆی بەدەست دەهێنێت: لە یاساکانی جووڵەوە یان لـە پێکهاتەیـەکی ئاڵۆزتر لەوە؟ ئایا ئامانج و مەبەستێك لـە ژیـانی مرۆڤـدا هەیـە یـاخود ژیانی بەرەنجامی ڕێکەوت و ئازادییەکی کوێرانەیە؟  لە کۆتاییشدا ئایا مرۆڤ چەقی بوونەوەرە و دەتوانێت جیهانی مادده تێپەڕێنێت، یـاخود پێکهاتەیەکـە و هـیچ گرنگییـەکی نییـە و ملکەچـە بـۆ بارودۆخـە ماددییەکانی و حەتمییەت و ناچارییەکانی سرووشت؟

شکست و بێتواناییمان لە پێناسـەی ڕەهەنـدە سـەرەکییە گـرنگ و کۆتاییەکانـدا ئـەو هۆکـارە شـاراوەیەیە کـە لەپشـتەوەی ئـەو تێکەڵکردنەیـە کـە لـەنێوان چـەمکەکاندا هەیـە هـەر وەك تێبینیمـان کردووە، لە لایەکی ترەوە دەبینین ئەو چەمکانە پۆلێن دەکرێنەوە یان پێکـەوە دەبەسـترێن یـان جیـا دەکرێنـەوە لەسـەر چـەند بناغەیـەکی ڕووکەش لە ڕووی لێکچوون و جیاوازییەوە.

لەم دواییانەدا زاراوەی (فێمینیزم Feminism) سەری هەڵداوە و بۆ (النسوية) یان (النسوانية) یا(الأنثوية)ی عـەرەبی وەردەگێڕدرێـت[١]، کە ئەمەش وەرگێڕانێکی حەرفی و دەقاودەقە و کەڵکێکی وەهـای نییـە و برسێتیی برسیان تێر ناکات و مرۆڤ دڵی پێـی ئـاو ناخواتـەوە، ئەمـە جگە لەوەی ڕوونی نابەخشـێتە هـیچ چـەمکێکی شـاراوەی پشـت ئـەم زاراوەیە، لەوانەیە سوودبەخش بێت ئەگەر لە هەوڵی دەستنیشانکردنی

[١] بەپێی ئاگاداریی من لە کوردییشدا هەر فیمینیزمی بۆ بەکار دەهێنرێت. وەرگێڕ

ڕەهەندی گشتیی سەراپاگیر و کۆتایی ئەم زاراوەیەدا بین تاوەکو واتا پێکهاتەیی و ڕاستەقینەکەی هەست پێبکەین، لەپێناو جێبەجێکردن و بەدیهێنانی ئەم خواستەشدا پێویستە زاراوەکە لەناو کۆ و سیاقێکی بەرینتردا دابنێین، هەر ئەمەشە ئێمە ناومان ناوە بە بیردۆزەی مافە نوێیەکان "نظرية الحقوق الجديدة".

زۆربەی بزووتنەوە ئازادیخوازە ڕۆژئاواییەکانی چاخی پاش مۆدێرنیزمە (کە چاخی باڵادەستی شمەك و ئینکاریکردنی سەنتەرخوازی و توانا تێپەڕ (المقدرة على التجاوز) و داڕووخانی سەرجەم چەمك و واتا جێگر و هەمەکی و سەرتاپاگیرەکانە بۆ ژێر ڕکێفی ناجێگیر و گۆڕاوەکان) تەواو جیایە لەو بزووتنەوە ئازادیخوازە کۆنانەی دیدێکی مرۆڤدۆستی و هیومانیزمیانەیان هەبووە[١] و مرۆڤبوونیان کردبووە چەقی خواست و داواکارییەکانیان.

نووسەری ئەم توێژینەوەیە لە چەمکێکی مەعریفیی سەرەکییەوە هەنگاو دەنێت، کە بریتییە لەوەی لە چەندەها شوێندا جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان مرۆڤ و سرووشتدا، مرۆڤ لە ناخیدا هەڵگری پێکهاتەیەکی وەهایە کە بتوانێت جیهانی سرووشت/ مادده تێپەڕێنێت،

[١] هیومانیزم: بەلای مەسیریەوە زاراوەیەکی عەلمانیانەیە بە حوکمی دروستبون و گەشەسەندن و ناوکۆ ژیارییەکەی، لە سەردەمی ڕێنیسانسدا وەك کاردانەوەیەك بۆ مێژووی کەهەنوتی مەسیحیی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست هاتە ئاراوە و جێی خۆی کردەوە، بەپێی ئەو گۆرانکارییە نەوعییە فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا گرنگیپێدانی لە خوداوە گواستەوە بۆ مرۆڤ. وەرگێڕ.

هەر ئەم بەتواناییەی لەسەر ئەم تێپەڕاندنە لە یەك كاتدا: هۆ و ئەنجامە بۆ گرنگی مرۆڤ و ئەو ڕۆڵە سەنتەرییەی هەیەتی لەم گەردوونەدا.

مەنزوومەی مۆدێرنە و عەلمانیەتی ڕۆژئاوایی لەو بازنەیەدا دەخولێتەوە كە ناومان ناوە بە (الحلولية الكمونية المادية — توانەوەی شاراوەیی لەمادەدا)[1] یاخود (مەرجەعیەتی لەخۆدا شاراوە – المرجعية الكمونية الذاتية)[2]. ئەوەی ئەم مەنزومەیە جیا دەكاتەوە، لەسەر ئاستی بنیاتی گشتی، ئەوەیە كە تاكە بنەمای ڕێكخەری ئەم گەردوونە جیا نییە لێی و لەو گرنگتر و پاكیزەتر نییە و گەردوونیش تێناپەڕێنێت، بەڵكو شاراوە و ئاوێتەیە تیایدا، هەر بۆیە گەردوون (مرۆڤ و سرووشت) خۆی دەبێتە مەرجەعیەتی خۆی و پێویستی هەر بە خۆیەتی.

ئا ئەمەیە ئەو بنەما بوونیەویە گشتییەكە یا نموونە جێگیر و شاراوەكەیە، بەڵام ئەم نموونەیە شێوازێكی ڕیزبەندیی وەها وەردەگرێت كە بەپێی سەردەمەكان جێبەجێ دەبێت و لە شێوەی

---

١ الحلولية الكمونية المادية: لای مەسیری ئەم دەربڕینە بۆ تێڕوانینێكی وەكو بیردۆزەی داروینی و پاشكۆكانی بەكار دێت كە تەنها یاساكانی پەرەسەندنی مادیی لاپەسەندە بۆ ڕاڤەكردنی دیاردەكان بەگشتی و لایەنی ڕۆحی و مەعنەوی مرۆڤ پشتگوێ دەخات و ململانێی نێوان جۆر و ڕەگەز و چینەكان بە تاكە بزوێنەر یان سەرەكی ڕەفتاری مرۆڤ دادەنێت. لە هەمان كاتدا ئەم دیدە وەها دەبینێت دروستكەری ئەم گەردوونە هەر خۆیەتی و لەخۆیدا شاراوەیە. بە دەربڕینێكی تر باوەڕە بە خوایەك تواوەتەوە لە سرووشت و مرۆڤ و مێژوودا. وەرگێڕ.

٢ المرجعية الكمونية الذاتية: دەربڕینێكی كەمێك جیاوازترە بۆ هەمان مەبەستی پێشووتر. وەرگێڕ.

چەند بازنەیەکدا کە هەریەکەیان بەدوای ئەوی دیدا دێت، کە دەکرێت بەم شێوەیەی دادێت پوختی بکەینەوە:

١- **تاك ڕەهەندی مرۆییانە (هیومانیەت)**[١]: ڕیزبەندیی مۆدێرنە و عەلمەنە لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ پێویستە ڕاستەوخۆ و بەبێ بوونی میانگیرێك ڕووبەڕووی بوونەوەر ببێتەوە و ڕای بگەیەنێت کە خۆی سەردار و چەقی بوونەوەرە و جێگای چارەسەرییەکانە، هەر بۆیە خۆی مەرجەعی خودی خۆیەتی و هەر لە خودی خۆشیەوە پێوەر وەردەگرێت.

هەر لە ڕوانگەی ئەم گریمانەیەوە، ئەم مرۆڤە لە هەولّی تۆخکردنەوەی کرۆکی مرۆییانەی خۆیەتی (بە جیا لە سرووشت) دەیەوێت (سرووشت/ مادده) بە هێزی ویستی خۆی تێپەڕێنێت و خودی مرۆییانەی خۆی بە ناوی مرۆڤایەتیانەی هاوبەشمانەوە بەسەریدا بسەپێنێت، واتە بە ناوی سەرجەم مرۆڤایەتییەوە[٢].

٢- **تاك ڕەهەندی ئیمپریالیانە (الواحدية الإمبريالية)**[٣]: ئەو مرۆڤەی دەیەوێت جەخت لەسەر کرۆکی مرۆڤانەی خۆی بکاتەوە بە ناوی هەموو

---

[١] تاك ڕەهەندیمان لە بەرامبەر (**الواحدية**)دا وەرگێڕاوە کە دەکرێ بە (تاکایەتی / یەکانەیی... هتد) وەری بگێڕین، بەلاّم ئەوەی سەرەوەمان بۆ ئەم کتێبە بە تەواوتر زانی. (وەرگێڕ)

[٢]دیارە لێرەدا شتێك ڕۆڵی نییە پێی بوترێت خودا بە چەمکە ئاینییەکەی، ئەگەر بشبێت دەبێت پاشکۆی ئەو تێگەیشتنە دیاریکراوە بێت. وەرگێڕ.

[٣] الواحدية الإمبريالية: لای مەسیری خودسەنتەری و فەردانیەتە لە بەرامبەر ئەوی تردا. وەرگێڕ.

مرۆڤێکەوە دەدوێت، بەڵام لە نائامادەیی هەر مەرجەعیەتێکدا کە خـودی خۆی وەك تاکێك تێپەڕێنێت[1]، دەبێتە مرۆڤێکـی داخـراو بـە ڕووی خۆیـدا، تا لەسەرەخۆ و پلەپلە دەبێتە تاکێکی وەها کە تەنها بیر لە بەرژەوەنـدی و چـێژەکانی خـۆی دەکاتـەوە و لـەو کاتەشـدا ئامـاژەش بـە خـودی مرۆڤایەتییانە ناکات، بەڵکو ئاماژە بۆ خودی تاکیی خۆی دەکات. ئـا لـەو کاتەدا دەبێت هەموو شت لـە خـودی تاکانـەی خۆیـدا بتوێتـەوە و چـەقی چارەسەرەکان بێت، نەك (سەرجەم مرۆڤایەتی)، لێـرەوە مرۆڤـی تـاك لـە بەرامبـەر سرووشـت و ئـەوانی دیکـەدا خـۆی دەکـا بـە خـوا و دەبێتـە مرۆڤێکی ئیمپریالی. کاتێـك ئـەو مرۆڤـە ئیمپریالییـە پێـوەرێتیی خـۆی لـە خـودی ئیمپریالییەتیانـەی خۆیـەوە وەردەگرێـت، کـە دوورخسـتنەوەی ئـەوانی تـری تێدایـە، لێـرەوە دەبێتـە مرۆڤێکـی ڕەگەزپەرسـت و هـەوڵ دەدات ئـەوانی تـر دوور بخاتـەوە و بـەکاریان بهێنێـت، بـەڵکو خـودی سرووشـتیش بـەکار بهێنێـت بـۆ بەرژەوەنـدیی خـۆی، لێـرەش دوالیزمـەی سەخت (الثنائیة الصلبة)[2]، دوالیزمەی من و ئەوی دیی بەدەردەکەوێت.

---

[1] بۆ نموونە ئاین، خودا... وەرگێڕ.

[2] الثنائیة الصلبة: دوالێزمەی سەخت یان نەگۆڕ، لای مەسیری ڕووبەڕووبوونـەوەی دوو جـۆرە کە هەریەکەی خۆی وەکو ئەوی تر دەناسێنێت گەر جیاوازییش بێت و مروونەتی نییە لەبەرامبەر ئـەوی تـردا، بەمـەش لـە مەنزوومـەی ئیمپریالیـدا ململانـێ دروسـت دەکـات و لـە مەنزوومـەی ئیسلامیدا بۆ نموونە تەواوکاری و تەکامولییە... وەرگێڕ.

### ٣- دوالیزمەی مرۆڤ و سرووشتی سەخت[١]:

پاش قۆناغەکانی پێشووتر کە بەوە جیا دەکرێنەوە چەقبوونن بەدەوری خودی مرۆییانەدا (جا چ لە ڕێگەی مرۆییانەی هیومانیزمەوە بێت یا لە ڕێگەی ڕەگەزپەرستانەی ئیمپریالیییانەوە بێت) مرۆڤ لەسەرەخۆ ئەوە دەدۆزێتەوە کە (سرووشت/ مادده)ش جێگەیەکی تری تێدا توانەوەیە و هەر مادە-سرووشت خۆیشی مەرجەعیەتی خۆیەتی و پێویستی تەنها بە خۆی دەبێت. لە بەرەنجامی ئەمەش دوانەیی و دووپێوەرییەکی تر بەدەر دەکەوێت، دووپێوەری ئەو مرۆڤەی کە خودی خۆی کردووە بە چەق بەم تێڕوانینەشی خۆی کردووە بە بزوێنەری بنکەی گەردوون، لە بەرامبەر سرووشتێکەوە کە تەنها پێویستی بە خۆیەتی و بزوێنەری بنکەی گەردوونە[٢].

---

[١] دانانی وشەی سەخت و جێگیر بۆ (الصلب) و گۆڕاو و ناجێگیر بۆ (**السائلة**) دانانێکی بەنزیکی و بوونی ڕایەڵە و پەیوەندی نەك پڕاوپڕ، چونکە ئەمانە چەمك و زاراوەن لەگەڵ باسکردنەکەیدا واتاکەی ڕوونتر دەبێتەوە، گەرچی هەوڵ دەدەین بۆ ڕوونکردنەوەی واتای چەمکەکان سوود لە نووسینەکانی تری نووسەر وەربگرین (وەرگێڕ)

[٢] ئەمەش جارێکی تر و بە شێوازێکی تر سازێنەری ململانێیەکی دییە. وەرگێڕ.

٤- یەك ڕەهەندی سەخت و نەگۆڕ (الواحدیة الصلبة)[١]:

هەر بەزوویی ئەم دوو پێوەرێتییە[٢] هەڵدەوەشێتەوە و (سرووشت/مادده) دەبێتە كرۆكی بابەت و تاك ڕەهەندی (سرووشت/مادده) جێی تاك ڕەهەندی مرۆییانە دەگرێتەوە. لێرەدا كرۆكی مرۆییانە وردە وردە دەست بە ونبوون دەكات و سرووشتێتی جێی مرۆییانە دەگرێتەوە، مرۆڤیش پێوەرێتی لە خودی خۆیەوە وەرناگرێت، بەڵكو (سرووشت/مادده) دەبێتە پێوەر بۆی و ئاوێزانبوون و یەكبوونی لەگەڵ سرووشتدا زیاد دەكات تا بە تەواوی تیایدا دەتوێتەوە، توانەوەی بەشێك لە گشت و هەمووودا.

٥- لەو كاتەدا مرۆڤی سرووشتی بەدەر دەكەوێت، كە تەنها بەناو مرۆڤە، مرۆڤێكە كرۆكی (سرووشت/مادده)یە، نەك مرۆڤانە، چونكە ملكەچی سرووشتە و شوێن یاساكانی دەكەوێت، پاش ئەوەی پێشتر ئاماژەی بە خودی (مرۆیی یان تاكێتی) خۆی دەكرد، كەچی لەم

---

[١] جیهان لای فەلسەفەی ڕۆژئاوایی لە دیدی مەسیری و پەیوەندیدار بەم بابەتەوە دابەش دەبێت بۆ ئەو نێرینە و مێینانەی خودی خۆیان كردووە بە چەق، لە بەرئەنجامی ئەم ململانێیە و هەژموونگەریەدا و دوابەدوای یەك هەریەكە لە تاك ڕەهەندی ئیمپریالی و دوالیزمەی سەخت و نەگۆڕ و تاك ڕەهەندی سەخت و نەگۆڕ دێنە ئاراوە. بزاڤی بەسەنتەركردنی مێیینە سوورە لەسەر دەرخستنی جیاكارییەكانی نێوان پیاو و ئافرەت و بانگەشەكردن بۆ ئەو گوتارەی ئاماژە دەدات بۆ ئەوەی مرۆییبوونێكی هاوبەشیان لەنێواندا نییە و پێویستە ئافرەت كار لەسەر خودی خۆی و بەرجەستەبوونی بكات و لە ململانێیەكی گەردوونی بەردەوامدا بێت لەگەڵ پیاو. وەرگێر.

[٢] لە خاڵی پێشوودا ئاماژەی پێ درا. وەرگێڕ.

دۆخەدا بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لـە سرووشـت و ئامـاژەی پێـدەکات، واتــە لایەنــە مرۆییانەکــەی هەڵدەوەشــێتەوە و بەتــەواوەتی دەبێتــە سرووشتی.

٦- بەم شێوەیە گوتەزای مرۆڤ و بیری سرووشتی مرۆییانەی جیا لە یاساکانی مادده ڕوو لە پووکانەوە دەکات، لە کاتێکدا ئەو گوتەزایە ئەندازەیەکی مەعقول مۆرکی جێگیری و بەردەوامیەتیی پێـوە دیـارە، واتە لێرەدا ئێمەی مرۆڤ لە جیهانێکی دوالیزمە و کێشمەکێشمەوە، کە چـەقەکەی مـرۆڤ یـان سرووشـتە، دەگوێزینـەوە بـۆ جیهـانێکی یـەك ڕەهەندی کە چەقەکەی تەنها (سرووشت/مادده)یە.

٧- ئــەوەی شــایەنی تێبینییــە ئــەم جیهانــە – ســەرەڕای نامرۆییبوونەکەشی- جیهانێکی خاوەن چەقە (لۆگۆسەنتریك- Logo centric)ـە کە لە زاراوەی پۆست مۆدێرنـەدا هەیـە) هـەر بۆیـە ئـەم قۆناغە ڕەنگڕێژ و ناسراوە بـەوەی نـاوی دەنـێین (بـە تـاك ڕەهەنـدی سەخت و نەگۆڕ).

٨- تاك ڕەهەندی ناجێگیر (الواحدیة السائلة)[١]:

(لەم ئاستەی گۆڕان و تێڕوانین بۆ مرۆڤ) ڕادەی ئاوێتەبوون و هەڵوەشاندنەوەکان ڕوو لە هەڵکشان دەکات و بنکەکانی ئاوێتەیی و گۆڕان زۆر دەبن، تا وەهای لێ دێت گۆڕاندن دەبێتە چەقی ئەو پرۆسەیە، ڕێژەییبوون دەبێتە تاکە ڕەها و گۆڕان دەبێتە تاکە خاڵی جێگیر، ئا لەو کاتەدا (سرووشت/مادده) چەقێتی خۆی لەدەست دەدات بەو پێیەی کۆتا مەرجەعیەت بێت.

٩- لە کۆتاییشدا هەموو یەقینێك ون دەبێت و ڕێژەیی بوون بەتەواوەتی زاڵ دەبێت و فرەچەقی ڕوو دەدات و هەموو شتێك دەکەوێتە ژێر چنگی گۆڕانی تەواو. هەموو ئەمانە کێشمان دەکەن بۆ جیهانێکی لێك هەڵوەشاو و بێبنکە، جیهانیش دەگۆڕێت بۆ یەك پێکهاتەی گشتگیر کە هەموو لایەنەکانی بەتەواوەتی یەکسان بن بە چەقەکەی، جیهانێك لووتکە و بنکە و ڕاست و چەپ و (نێر و مێ)ی تیادا نەبێت، بەڵکو هەموو بوونەوەرە مرۆیی و سرووشتییەکان

---

[١] دوای ئەوەی ئافرەت لە مرۆڤەوە دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی سرووشتیی مادی و هەر لەو چوارچێوەیەشدا ڕاڤە دەکرێت و یەکسان دەکرێت بە پیاو یان مرۆڤ یاخود مرۆڤی سرووشتی و لە هەموو ڕوویەکەوە و هیچ جیاوازییەکیان نامێنێت و هەمان ڕۆڵ دەگێڕن, لێرەدا ئەوەی کۆیان دەکاتەوە مرۆڤبوونی هاوبەشیان نییە بەڵکو مادیبوونی هاوبەش، دواتر بۆچوونی دوانەیی و دوالیزمەیی (نێر و مێ) یان جیهانی فرەچەق و بنکە دێتە ئاراوە و ناتوانرێت هیچ بڕیارێك بەسەر هیچدا بدرێت. وەرگێڕ.

شێوەیەکی ڕووتەختی وەها وەردەگرن کە هەمویان لەسەر هەمان ڕوو دەوەستن و هەموو دوالیزمەکانی تێدا پاکتاو دەکرێت، (دال)ەکان لە (مەدلول)ەکان جیا دەکرێنەوە و بەبێ ڕەگ و ڕیشە و مەرجەعیەت و بنەما لە هەلەکە سەما وخولانەوەدان. بەم شێوەیە وشەی (مرۆڤ) دەبێتە (دال)ێکی بێ (مەدلوول) یان (دال)ێکی فرە(مەدلول)، ئەمەش لێکهەڵوەشانێکی تەواوە و بریتییە لە گواستنەوەی دوالیزمەی سەخت و نەگۆڕ (الثنائية الصلبة) و تاکڕەهەندی سەخت و نەگۆڕ (الواحدية الصلبة) بۆ ئەو تاکڕەهەندەی ناجێگیرە (الواحدية السائلة)ی کە سنوور و کۆت و بەندی بۆ نییە. هەر خودی ئەم گۆڕانەش لە هەمان کاتدا گواستنەوەیە لە جیهانی بەمۆدێرنەکردن و مۆدێرنەوە و (ئیمپریالیەتەوە) بۆ چاخی پاش مۆدێرنە و (سیستمی نوێی جیهانی).

١٠- سەرەڕای ئەو جیاوازییە مەعریفی و فەلسەفیەی لەنێوان تاکڕەهەندیی سەخت و تاکڕەهەندیی ناجێگیردا بەدی دەکرێ، کەچی دەتوانین بڵێین خاڵە لەیەکچووەکانیان - لە دیدگای ئەم باسەوە - گرنگترن لە خاڵە جیاوازەکانیان، چونکە ناوەڕۆك و کرۆکی هەردووکیان ونبوونی مرۆییانە و لێکهەڵوەشان و پووکانەوەیەتی (هاوکات لەگەڵ) توانەوەی لە جیهانێکدا کە چەقەکەی سرووشت یان جیهانێکی بێچەقە.

سەرەڕای ئەم جیاوازییە مەعریفی وز فەلسەفییەی لە نێوان تاکڕەهەندیی چەسپاو نەگۆڕ و تاکڕەهەندیی ناجێگیردا بەدی دەکرێت،

کەچـی دەکرێـت بڵـێین خاڵـە لەیەکچـووەکانیان – لـە دیـدگای ئـەم باسەوە– گرنگترن لـە خاڵـە جیاوازەکـان، چـونکە نـاوەڕۆك و کرۆکـی هــەردووکیان ونبــوونی مرۆییانــە و لێکهەڵوەشــان و پووکانەوەیــەتی (هاوکات لەگەڵ) توانەوەی لە جیهانێکدا کە چەقەکەی سرووشـت یـان جیهانێکی بێچەقە.

ئەم مۆرکە (تاکڕەهەندی هیومانی –جیهانێك چـەقەکەی سـەرجەم مرۆڤایەتی بێت– و تاکڕەهەندی ئیمپریالی–جیهانێك چەقەکەی خودی تاك بێت–  دوالیزمەی سەخت و نـەگۆڕ –کـە ململانێـی نێـوان مـرۆڤ و سرووشتە و – تاکڕەهەنـدیی نـەگۆڕ –جیهانێـك چـەقەکەی سرووشـت بێت– و تاکڕەهەندیی ناجێگیر–جیهانێکی بێچەق کە لـەنێو چـەپۆکی گۆڕانـدا بێـت–) ئـەم گۆڕانـە یـەك بـەدوای یەکـدا هـاتووە مـۆرکێکی سەرەکی بیری ماددییە هەر لە سەرەتای بیرکردنەوەی فەلسـەفییەوە، بــەڵام بــە شــێوازێکی تایبــەت خــۆی نمــاییش دەکـات لــە فەلســەفە مادديیــەکانی چــاخی نوێـدا، هــەر بۆیــە پــاش قۆنــاغێکی هیومــانیی ســـەرەتایی کـــورت (Humanism) ئیمپریالیـــەت بەدەردەکـــەوێت پاشان ڕەگەزپـەرستی و دوژمنکارییەکی قووڵی بەرامبەر مـرۆڤ (Anti Humanism) بەدوادا دێت). مرۆڤ بەپێی مەنزوومـە و جیهـانبینیی نیتشە دابەش دەکرێت بـۆ سـۆپـەرمان (Super man) واتـە پیـاوی باڵا، یان ئەو مرۆڤەی مرۆڤـی تێپەڕانـدووە، و سـەبمان (Sub man) واتە نزمەپیاو، یان ئەو مرۆڤەی لە خوار مرۆڤەوەیە.

بەم شێوەیە جیهانێکی پڕ لە ململانێی دووانـەیی بـەدەر دەکـەوێت (کە تیایدا) مرۆڤەکان دابەش دەبـن بـۆ: سـەربڕ و قوربـانی — بکـوژ و کوژراو — بەهێز و لاوەزەکان — دڕندە و نەرمونیان و خۆگونجێنەکان.

بەڵام ئەوەی کۆکەرەوەی هەریەکە لە سۆپەرمان و سەبمانە ئەوەیە هەریەکـــەیان دەربـــڕی کرۆکـــی مرۆییانەیـــەکی وەهـــا نییـــە کـــە (سرووشـــت/مادده) تێپـــەڕێنێت، بـــەڵکو بەشـــێکە لـــە جیهـــانی سرووشت/ماددەی داروینی ململانێکاری تاکڕەهەندیی سەخت و نەگۆڕ (واحدي الصلب)ـە .

لـە پێشـینەیەتی (الأسـبقیة)ی (سرووشـت/مادده) بەسـەر مرۆڤـدا خـۆی وەهـا ڕاڤـە دەکـات کـە لـە پێشـێتیی تاکـە بەسـەر کۆمەڵگـە و بەرژەوەنـدیی کەسـایەتی و سـوودی تاکەکەسـی بەسـەر بـەهاکانی کۆمەڵگە و پێداویستی وداواکارییەکانی مانەوەی.

ئەم جیهانەی ئاماژەی پێ درا و بەو تێڕوانینەی باس کـرا خـاوەنی جووڵەیـەکی بەردەوامـە، هـەر بۆیـە زۆر خێـرا ئـەم جیهانـە خـاوەن دوالیزمە سـەخت و تاکڕەهەنـدە جـێگیرە هەڵدەوەشـێتەوە و دەبێتـە جیهانێك کە چەق و بنکەیەکی جێگیری نییە و لە حاڵـەتێکی گـۆڕاوی تەواودایە، هەر بۆیە (دریـدا) جێـی (نیتشـە) دەگرێتـەوە و (مادۆنـا) و (مایکل جاکسۆن) شوێنی (تەڕەزان و دراکیۆلا) دەگرنەوە.

## ٢- یەکسانی و یەکسانکردن

دەتوانرێت بوترێت جووڵە و دەرچەی بزاڤە ڕزگاریخوازە کۆنەکان بریتی بوو لە تاکڕەهەندیی مرۆییانە (هیومانیزم)، لەو باوەڕەشەوە سەرچاوەی گرتبوو کە مرۆڤ جیاوازە لە سرووشت و زاڵە بەسەریدا و هەر خۆیشی چەقی سرووشتە و دەتوانێت تێیپەڕێنێت و دایبڕێژێتەوە و خودی خۆیشی داڕێژێتەوە و لە مرۆڤسەنتەرییەوە بۆ شتەکانی تر بڕوانێت.

داخوازییەکانی ئەو بزاڤە یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان بوو لەم بازنەیەدا، بە شێوەیەك مرۆڤ لە لووتکەی هەرەمی گەردوونیدایە وەك بوونەوەرێکی ئازادی داهێنەری بێوێنە. بەڵام بزاڤە ڕزگاریخوازە نوێیەکان لەم گریمانە فەلسەفە مرۆییانەوە سەرچاوە ناگرن و هەنگاو نانێن، بەڵکو بە شێوەیەکی هۆشیارانە یان ناهۆشیارانە ڕەتی دەکەنەوە، چونکە ئەوان بزاڤێکن تاکڕەهەندیی ئیمپریالیان پەسەند کردووە (مرۆڤ لە ململانێی برا مرۆڤەکەیدا بێت) و لە بازنەی دوالێزمەی جێگیر و سەختدا دەسووڕێتەوە (جەنگی مرۆڤ دژ بە برا مرۆڤەکەی و دژ بە سرووشتیش) و تاکڕەهەندیی جێگیر و سەختی لا پەسەندە (سەرداری و سەروەریی سرووشت بەسەر مرۆڤدا و خزاندنی مرۆڤ لە چەقی گەردوون) و لەگەڵ تاکڕەهەندیی ناجێگیر (ڕەتکردنەوەی بیری مەرجەعیەت و چەق و هەر جێگیر و گشتی و هەمووانەییەك، لەناو ئەوانەشدا چەمکی مرۆییانەی هاوبەش کە دەتوانێت

(سرووشــت/مادده) تێپــەڕێنێت و مرۆڤبــوون لــە ســەرووی ئەوانــەوە نابینێت.

ئەم بزاڤە نوێیانـە بـە شـێوەیەکی زۆر توندڕەوانـە جـەخت لەسـەر بیرۆکـەی ململانــێ دەکەنــەوە، ســەرجەم شــتەکان لــە دیـدی ئەوانـدا دەربـڕی هاوســەنگییەکانی هێـز و بەرهــەمی ململانێیــەکی بەردەوامــە، مــرۆڤیش تــەنها بوویــەکی سرووشــتییە و دەکرێــت بگێڕرێتــەوە بـۆ (سرووشــت/مادده) و دەشــتوانرێت یەکســان کرێــت بــە بوونــەوەرە سرووشتییەکان، لە ڕاستیدا لە دیدی ئەمانەدا مرۆڤ یەکسـان دەکرێـت بە گیاندار و ڕووەك و شتەکانی تر تا وەهای لێ دێـت هـەموو شـتەکان بـە یـەکتری یەکسـان دەبـن، لێـرەوە چـەقەکان فـرە دەبـن و یـەقین لەدەست دەدرێت و سەرجەم شتەکان دەکەونە چنگی گۆڕاوەکانـەوە، پاشان حاڵەتێکی دەستنیشاننەکردن و ناجێگیری و فرەییەکی زیادەڕۆ بەدەر دەکەوێت.

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت هەموو شت ملکەچی ئەزموونکارییەکی بەردەوام بێت لە دەرەوەی هەر سنوور یـان چـەمکێکی پێشـوەختەوە (تەنانەت ئەگەر مرۆڤایەتی بوونی هاوبەشیشمان بێت کـە بـە درێـژایی مێژوو بەدەست هاتووە)، لە چوارچێوەی ئەم بیرکردنەوەدا توێژینەوە لەسەر چەند (شێوازێکی) نـوێی پەیوەنـدیی نێـوان مرۆڤـەکان دەسـت پێدەکرێت کە پشت نابەستێت بە ئەزموونە مرۆییـە مێژوویـەکان، وەك ئەوەی ژیریی مرۆڤ لە ڕاستیدا لاپەڕەیەکی ماددیی سپی بێت، یان وەك

ئەوەی هەڵگری قورسایی هۆشیاریی مرۆییانەی مێژوی خۆی نەبێت، وەك ئەوەی ئادەمی پێش چرکەساتی دروستبوون بێت، پێش ئەوەی خوای گەورە گیانی بە بەردا بکات، وەك ئەوەی تەنها پارچە قوڕێك بێت کە بکرێت بە هەر شێوەیەك دابڕێژرێت و جیاوازیی نەبێت لە نێوان ئەو و نێوان هەر ڕەگەزێکی (سرووشتی/ ماددی) تر.

هەر بۆیە دەبینین کۆمەڵە ئازادیخوازە نوێیەکان (کە ئازادن لە هەر چەمکێکی مرۆییانەی هاوبەش و قورساییەکانی مێژوو، بەرگریکارن لە هەر ئەزموونێکی کراوەی بەدەوام) بەرگری دەکەن لە هەژار و ڕەشپێست و هاوڕەگەزباز و نەشازە سێکسییەکان و دار و درەخت و مافی ئاژەڵ و منداڵ و ڕەشوڕووتان و تلیاکخۆر و کەسانی بێهۆش و مافی خۆکوشتن و لە هەر شتێکی تر کە دێت بە خەیاڵدا یان نایەت.

لەوانەیە بڵاوبوونەوەی مادیگەرایی جێگیر (المادیة الصلبة) و ناجێگیر (السائلة) لە چاخی نوێدا (کەوا دەبینێت ئەم جیهانە لە یەك کرۆك پێك هاتووە جیاوازی لەنێوان مرۆڤ و سرووشتدا نییە) ئەوە بێت ڕاڤەی نهێنیی بڵاوبوونەوەی ئایینە سرووشتی و پەرستشە نوێیەکان بکات لەناو ئەوانەشدا پەرستنی شەیتان و هەوادارییە گەردوونییەکان، سەرجەم ئەمانە بانگەشەگەلێکن بۆ جەختکردنەوەی پێشینەیی سرووشت بەسەر مرۆڤ و تاك بەسەر کۆمەڵدا، و بانگەشەی مرۆڤ دەکەن بۆ توانەوە لە سرووشتدا و هەڵوەشانەوەی قەوارەی مرۆڤ وەك چەقێك کە سنوورێکی سەر بەخۆی هەبێت، لەگەڵ لێکهەڵوەشانی

گوتەزا و چەمکی مرۆڤبـوون و بێنـاوەڕۆککردنی، پاشـان سـەرەنجامی کاروبـاری ئـەم بانگەشـانە بـە ڕەتکردنـەوەی بـیری جیهـانێکی پێکەوەبەستراو بەدەوری چەقێکدا کۆتایی بێت، تا جیهانێکی بێچـەق و ناجێگیر جێی بگرێتەوە.

کاتێك کە مرۆڤ پشتگیری ئەو بانگەشەیە ناکات کە باوەڕی وەهایـە تاك لەپێشترە وەك لە کۆمەڵگە و مرۆڤ و سرووشت یەکسان نین، ئـەوا لای بانگەشـەکارانی ئـەم ڕەوتـە ئـەم هەڵوێسـتە بـە کردەوەیـەکی کۆنخوازی و ڕەتکردنەوەی پێشکەوتن دادەنرێت (لە دیـدی بـیردۆزەی مافە نوێکانەوە)، لەگـەڵ ئـەوەی ئـەم هەڵوێسـتی ڕەتکردنەوەیـە لـە واقیعدا هەوڵێکی گەڕانەوەیە بۆ بـیری مرۆڤێکـی کۆمەڵایـەتیی ژیـاری، سەربەخۆ لە سرووشت و بەتوانا لە تێپەڕانـدنی، مرۆڤێـك کـە خـاوەنی ویست و هۆشیاری کە ئەمەش پەسەندنەکردنی ئـەو بـارە سرووشـتییە مادیگەرا (ئاژەڵیە)یە کە مـرۆڤ یەکسـان دەکـات بـە ئـاژەڵ و بـەرگری دەکات لە پێشـینەیی کۆمەڵگـە بەسـەر تـاك و چـەقیەتیی مـرۆڤ لـەم گەردوونەدا.

لەم چوارچێوەیەدا، دەتـوانین چـاوێك بخشـێنینەوە بـەو بەرگرییـە سەرسـەختانەی لـە هاوڕەگـەزبازی و ڕیزپـەڕیی سێکسـی (الشـذوذ الجنسـي) دەکرێـت، ئـەم بەرگرییـە لـە کرۆکیـدا بانگەشـە نییـە بـۆ لێبوردەیی یان تێگەیشتنی ئەوانەی تووشی بـاری ڕیزپـەڕیی سێکسـی هاتوون (هەروەك دەکرێت لە سەرەتاوە بۆ هەندێك وەها دەربکەوێت)،

بەڵکو ئەمە بانگەشەیە بۆ ئاساییکردنەوەی ڕیزپـەڕیی سێکسـی، واتـە بکرێت بە کارێکی ئاسایی سادە، ئەمەشە وەهای لیٚ کردووە کە ببێتە مایەی هێرشکردنە سەر سرووشتی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی هاوبـەشمان وەك مەرجەعیـەتێکی کۆتـایی و پێـوەرێکی جـێگیر کـە دەکرێت لە زەمینەیدا بوەستێن و بڕیاری مرۆڤانـەی لێـوە دەرکـەین و دەستنیشـانی کـەین کـە چـی مرۆڤانەیـە و چـی مرۆڤانـە نییـە، واتـە ڕیزپەڕیی سێکسـی تـەنها دەربڕینێـك نییـە دەربـارەی مـەزاجێك (یـان لادانێك)ی تاکەکەسی، بەڵکو گۆڕاوە بـۆ ئایدۆلۆژیـەتێك کـە دەیـەوێت دووانـــەیی ســـەرەکی مرۆییانـــە (نێر/مـــێ) هەڵوەشـــێنێتەوە، کـــە ئاوەدانخوازی و پێوەری مرۆییانە پشتی پیٚ دەبەستێت.

قسـەکردنی زۆر و ئـاڵۆزهێن دەربـارەی (مافـەکانی مـرۆڤ) کـە بـە پێشەوایەتی و پاڵپشتی و یارمەتیدانی ئیمپریـالیترین وڵاتـانی جیهـان، کە وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکایـە، بـەڕێوە دەچـێت، ئـەم کـارەی ئەمریکا لە کرۆکیا هێرشە بۆ سەر چەمکی مرۆییانەی هاوبەشمان .

ئـەو مرۆڤـەی ئـەوان دەربـارەی مافـەکانی دەدوێـن یەکەیـەکی سـەربەخۆ و سـادەی ژمـارەیی، تاکرەهەنـدە، نـە کۆمەڵایەتییـە و نـە ژیـاری، پەیوەنـدیی نییـە بـە خێـزان یـان کۆمـەڵگا یـان دەوڵـەت یـا مەرجەعیـــەتێکی میـــژوویی یـــان ڕەوشـــتی، بـــەڵکو ئـــەو کۆمەڵـــە پێویسـتییەکی (مـاددی ) سـادەی ڕووت و داڕنـراوە کـە قۆرخکـاران و کۆمپانیاکـانی ڕاگەیانـدن و ئارایشـتگەکان و پیشەسـازییەکانی چـێژ و

بەڕەڵلاّیی دەستنیشانی دەکەن (لە کۆتایی کاردا پیشەسازی چەك و تەقەمەنی کە گرنگترین پیشەسازییەکانی چاخی نوێیە و لە هەموویان زیاتر لەناوبەر و هەڵوەشێنەرترە سەرەنجامی ئەو مرۆڤە دیاری دەکەن).

تاك بەپێی ئەم تێڕوانینە بەتەنهایی وەستاوە و دەبێتە وەرگری ژمارەیەك ئامازەی هەستی سادەی چڕی چەند دەزگایەکی گشتی کە تایبەتمەندیی نییە و هەڵگری هیچ بەهایەك نییە، تەنها فیکرەی بەگەورەگرتنی چێژی بەکاربراو و زیاترکردنی سوودی کۆمپانیاکان نەبێت.

تاك تەنها مرۆڤێکی سرووشتییە، شتێکی سرووشتی/ماددی لەنێوان شتە سرووشتییە /ماددییەکاندا، دەرهاویشتەی ڕاستەوخۆی چەمکی گرێبەستی کۆمەلاّیەتی بۆرژوازییە، کەوا دەبینێت تاکی سرووشتی لەپێشترە لە کۆمەڵگایەکی ناسرووشتی، کە ئەو گرێبەستە لە نیوەی سەدەی نۆزدەدا گۆڕا بۆ گرێبەسی ناکۆمەلاّیەتی داروینی، کە گریمانەی جەنگی هەموو بەرامبەر هەموو دەکات (هەر وەك گەورە فەیلەسووف بۆرژوازی تۆماس هوبس لە چاخی ڕێنیسانس لە ڕۆژئاوادا پێشبینیی کرد).

هەر بۆیە، کەس باس لە مافی مرۆڤی (کۆمەلاّیەتی) و کۆمەڵگە مرۆییەکان لە مانەوەیان لە نێو مەنزوومە بەهایی و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیان ناکات. هیچ کەسێك کێشەی ئەو پیشەسازییە

بـەڕەڵڵای و شمەکـە جۆراوجۆرانــە ناخاتــە ڕوو کـە لەلایـەن ڕۆژاواوە هاوردە دەکرێن و سادەترین مافە مرۆییەکان بەهـەدەر دەدات و مـرۆڤ دەگۆڕێت بۆ شتێکی چەندێتیی ماددی کە هیچ پیرۆزییەکی نەبێت. بە هـەمان شـێوە کەسـیش مشـتومڕ لەسـەر مـافی ئـەو گەلانـە ناکـات کـە سـەروەت و سـامانیان تـالآن دەبرێـت و دەدزرێـت و پاشـان لـە بانکـە ڕۆژئاواییەکانـدا دادەنرێـت لەلایـەن ئـەو کەسـایەتییانەی هـەمان ئـەو حکومەتانــە پشــتیوانییان دەکــەن کــە شــەو و ڕۆژ بــاس لــە داوای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و تاك دەکەن.

هــــیچ کەســـێك داوای وەســـتاندنی پیشەســـازیی چەکســـازی و تەقەمەنیی کۆکوژ و وێرانکار ناکات، کە زۆربەیان لە جیهانی ڕۆژئـاوادا گەشەیان پێ دەدرێت و دروست دەکرێن و میزانییەی گـەلانی تـری پـێ دەمژرێت و ژینگەی پێ پیس دەکرێت و ساڵانە بە هەزاران کەسی پـێ لەناو دەبرێت.

بەردەوام قسـەکردنەکە دەربـارەی مرۆڤێکـی دابـڕاوی سـادەیە کـە لەناو کۆمەڵگە و مێژوو و ژیار و خێزانـدا بـوونی نییـە، کەچـی لـەولاوە قسەکردن چڕ کراوەتەوە سەبارەت بە مافە ڕەهاکانی ئـەم تاکـە، هـەر مافێك کە مافـەکانی کۆمەڵگـە و سیسـتمە ڕەوشـتی و مەعریفییـەکانی تێدەپەڕێنێت، کەچی ئەم تاکـەش کـە لـە ڕووی بیردۆزییـەوە ئـازادە، بــەکردەوەیی کەوتۆتــە ژێــر چــنگی گۆڕاوەکانــەوە و دەزگاکــانی

ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی و کۆمپانیا فرەڕەنگ و ڕەگەزەکان و پیشەسازییەکانی چێژوەرگرتن کۆنترۆڵیان کردووە.

هێرشکردنە سەر فیکرەی کۆمەڵگەی مرۆیی و چەمکی مرۆڤایەتیی هاوبەش (تێکڕای مرۆڤایەتی) لە چەمکی نوێ و تازەی کەمینەکاندا بەدەر دەکەوێت کە لەلایەن سیستەمی نوێی جیهانی و دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان و هەندێك لەو کۆمەڵانەی لە فەزای ئەودا دەخولێنەوە، لەگەڵ بانگەشەکەرانی بیردۆزەی مافە نوێیەکانەوە برەوی پێ دەدرێت. لای ئەمانە کۆمەڵە ئایینییەکان کەمینەن، کۆمەڵە ئیسنی و ڕەگەزییەکان کەمینەن، ڕیزپەڕە سێکسییەکان کەمینەن، کەمئەندامان کەمینەن، بەساڵاچووان کەمینەن، قەڵەوەکان کەمینەن و منداڵان کەمینەن، ئافرەتان کەمینەن.

فیکرە و بیرۆکەی ئەوەی هەموو کەس کەمینەیە، واتای ئەوەیە زۆرینە بوونی نییە، واتە پێوەرێکی مرۆییانە و جێگیر بوونی نییە، پاشان سەرجەم کاروبارەکان دەبنە ڕێژەیی یەکسان و ئاژاوەی مەعریفی و ڕەوشتی بڵاو دەبێتەوە. جا ئەگەر هەموو کەمینەیەك (مافی ڕەها)ی هەبێت ئەوا ئەمە لە زەمینەی واقعدا سەر دەکێشێت بۆ ئەوەی کە فیکرەی ئەو کۆمەڵگایەی کە پشت دەبەستێت بە گرێبەست و پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و باوەڕ بە مرۆڤبوونی هاوبەشمان دەبێتە شتێکی ئەستەم، چونکە ئەو مافە ڕەهایانەی پشت بە چێوەیەکی

هاوبەش نابەستێت، ناتوانێت پێکەوەژیان بەدی بهێنێت. (هەر ئەمەش لە فەلەستینی داگیرکراودا ڕووی دا، کاتێـك زایۆنییـەکان بـە کۆمـەڵێك مـافی جوولەکانـەی ڕەهـاوە هـاتن کـە هـیچ مرۆڤایەتییـەکی هاوبـەش ناناسێـت، ئـەوە بـوو هەسـتان بـە دەرکرنـی فەلەسـتینییەکان لــە زەوییەکانیان و خاپوورکردنی نیشتمانەکەیان)[١].

[١] دیارە ئەمە لە زۆر شوێنی گۆی زەویدا بەدی دەکرێت، یەکێك لەو میللەتانەش گـەلی کـوردی خۆمانە. وەرگێڕ.

## سێیەم: ناوکۆی[1] ژیاری و مەعریفیی هەردوو بزاڤی ئازادکردنی ئافرەتان و بەسەنتەرکردنی مێینە

ئەم بیر و هزرانە چوارچێوەی ڕاستەقینەی فێمینیزم پێك دەهێنن، کە لەم دواییەدا لە ڕۆژئاوا بەدەر کەوت، هەندێك وا گومانیان دەبرد کە ئــەم زاراوەی (فێمینیزم)ــە تــەنها جــۆرێکی تــری زاراوەی (ویمینــز لیبراشن موفمینت) (Women’s Liberation Movement)ە و کــە بــە شــێوەی ئاســایی وەردەگێڕدرێــت بــۆ "بزاڤــی ئــازادکردنی ئافرەتــان و بــەرگری لــە مافــەکانیان". هــەر بۆیــە ئــەم زاراوە نوێیــە لەســەرەخۆ جێگــەی زاراوە کۆنەکــەی گرتــەوە وەك ئــەوەی لــە ڕووی واتاوە هاوواتا یان نزیك بن لەیەکەوە، وەك ئــەوەی ئــەم زاراوە نوێیــە جیاوازیی لەگەڵ کۆنەکە تەنها لــەوەدا بێــت کــە ئــەم زیــاتر گشــتگیر و ڕادیکاڵترە[2].

بــەڵام ئەگــەر ورد ببینــەوە دەبیــنین ئــەم زاراوە نوێیــە بەتــەواوی جیــاوازە لــە واتــا و مەدلوولــەکانی بزاڤــی ئــازادکردنی ئافرەتــان (کــە یەکێکــە لــە بزاڤــە ئــازادیخوازە کۆنــەکان و لــە خولگەیــەکی مرڤانــەی هیومانیدا دەخولایەوە و باوەڕی هەبوو بە بیرۆکەی چەقێتیی مرۆڤ لەم گەردوونەدا، هەروەها بە بیرۆکەی مرۆڤانەی هاوبەشمان کــە ســەرجەم

---

[1] ناوکۆ = سیاق. وەرگێڕ.

[2] ئەو جیاوازییەی نووسەر لەنێوان ئەم دوو ڕەوتــەی بزاڤــی ئافرەتانــدا کردوویــەتی، بایــەخێکی مەعریفیی تایبەتی هەیە، هەر بۆیە گرنگە سەرنجی بدرێت. وەرگێڕ.

ڕەگـەز و ڕەنگـەکان و هـەموو پیـاو و ئافرەتـان دەگرێتـەوە، لەگـەڵ باوەڕبوون بە بیری مرۆڤی کۆمەڵایەتی کە مرڤایـەتی بـوونی خـۆی لـە ئینتیما ژیاری و کۆمەڵایەتییەکەی خۆی وەردەگرێت). مرۆڤ لە ڕوانگە و دیدی بزاڤی ئازادکردنی ئافرەتاندا کیـانێکی ژیـاریی سـەربەخۆیە لـە جیهانی (سرووشت/مادده) و ناتوانێت ببێت مەگەر لـەنێو کۆمەڵگـەدا، هەر بۆیە ناکرێت یەکسانی بکەین بە دیاردەی سرووشتی/مادديیەکان.

هـەر بۆیـە ئـەم بزاڤـە لـە هـەوڵی بەرگریکردنـدا بـوو لـە مافـەکانی ئافرەت لە نێو سنورەکانی کۆمەڵگا و لـە دەرەوەی چـێوە بۆرجـوازی ململانێخوازییـە سرووشـتی/مادديیە داروینیەکـەدا، کـە کۆمەڵگـەی وا دەبینی کە چەند گەردیلەیەکی ململانێکارن.

لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــافرەت لــە دیــدی ئــەم بزاڤــەدا، بــوونێکی کۆمەڵایەتییــە و دەچــێتە قــووڵایی پیشــە و ڕۆڵــی کۆمەڵایەتییــەوە، لێرەوە ئەم بزاڤە لە هەوڵی جێبـەجێکردنی ئەندازەیەکـە لـە دادگـەری ڕاســتەقینە لــە نێــو کۆمەڵــدا (نــەك جێبــەجێکردنی یەکســانییەکی ئەســتەمی دەرەکــی) بــە شــێوەیەك ئــافرەتیش خواســتەکانی بــەدی بهێنێت وەك هەر مرۆڤێك (پیاو بێت یان ئافرەت) لە سەلماندنی بوونی خۆی بۆ دەستکەوتنی مافی ڕەوای خۆی (ماددی بێت یان مەعنـەوی) بەپێی ئەو کارانەی پێشکەشی دەکات.

بــە شــێوەیەکی ئاســایی بزاڤــە ئازادیخوازەکــانی ئافرەتــان داوای دەســتکەوتنی تــەواوی مافــەکانی ئافرەتانیــان دەکــرد: سیاســی بێــت

(مـافی ئـافرەت لـە هەڵبـژاردن و بەشـداری لـە دەسـەڵاتدا)، یـان کۆمەڵایەتی بێت (مافی ئافرەت لە تەڵاق و لە دایەنگای منداڵان)، یـان ئابووری بێت (یەکسانی کرێی ئافرەت بە پیاو).

سەرەڕای ئەوەی بانگەشەکەرانی ئازادکردنی ئافرەتان هەندێ جـار وتارێکی گرێبەستانە بـەکار دەهێـنن، یـان هەنـدێ جـار بـە شـێوەیەك دەڕواننە ئافرەت بەو پێیەی تاکێکی سەربەخۆ بێت لـە کۆمەڵگـە نـەك بەو پێیەی دایك بێت یان ئەندامێك بێت لە خێزان، یان وا بۆی دەڕوانن بـەو پێیـەی مرۆڤێکـی ئـابووری یـان جەسـتەیی بێـت (واتـا مرۆڤێکـی سرووشـتیی مـاددی) بێـت نـەك مرۆڤێکـی مرۆڤئاسـا، لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشدا چێوەی مەرجەعی کۆتایی ئـەم بزاڤـە بریتییـە لـە دیـدێکی مرۆییانەی وەها کـە سـنوور لـە نێـوان مـرۆڤ و سرووشـتدا دادەنێـت و گریمانـەی هـەبونی بـە چـەقێتی و سـەنتەربوونی مرۆیـی و پێـوەرێکی مرۆییانـــە و مەرجەعیـــەتێکی مرۆییانـــە و سرووشـــتێکی مرۆییانـــەی هاوبەش دەکات، هەر بۆیە بزاڤی ئازادکردنی ئافرەتان هەڵگری زۆرێـك لە چەمکە مرۆییە جێگیر و تایبەتییەکانن سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەتـان لە کۆمەڵگەدا، کە گرنگترینیان بە شێوەیەکی سرووشـتی، ڕۆڵـی ئـەوە وەکو دایك.

هەر بۆیە بزاڤی ئازادکردنی ئافرەتان لـەنێو چێوەیەك لـە چـەمکی مرۆییانەی هاوبەشدا دەبزوێت، کـە خولیـا و تامـەزرۆیی مـرۆڤ بـوون و هاوەڵیی ئەویان کردووە بە درێـژایی مێـژووە مرۆڤایەتییەکـەی، وەکـو

چەمکی خێزان، بەو پێیەی گرنگترین دەزگای مرۆڤانەی وەهایە کە مرۆڤ خۆی لە سایەیدا پاراستووە و لە ڕێگەیەوە کرۆکی مرۆڤانەی خۆی جێبەجێ دەکات و لەو چوارچێوەیەدا کەسێتیی ژیاری و ئاکاریی خۆی بەدەست دەهێنێت، هەروەها وەکو چەمکی ئافرەت بەو پێیەی ستوونی سەرەکی ئەم دەزگایەیە، لە هەمان کاتدا چەند بیرۆکەیەکی ئەستەم ناخاتە ڕوو، ناخزێتە ئەزموونێکی بێکۆتایی بەردەوامی وەهاوە کە پشت نەبەستێت بە هیچ خاڵێکی سەرەتایی هاوبەشی مرۆیی کە هیچ سنوور و بەندێکی مرۆڤانە یان مێژویی یان ئاکاریی نەبێت. ئەمە بازنەی ژیاری و مەعریفی بزاڤی ئازادکردنی ئافرەتانە و ئا ئەمە هەندێك لە خاڵە جێگیرەکانیەتی، هەر ئەمەش چوارچێوەی سەرەکی ئەو بزاڤە ڕزگاریخوازانە بوو لە ڕۆژئاوادا تا ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیست.

بەڵام ژیاری ڕۆژئاوایی گەشەیەکی وەهای بەسەردا هات کە بووە هۆی گۆڕانکاری لە ئاڕاستە و بنیاتیدا، ئەوە بوو تێکڕای بەرەوپێشچوونی ماددیی کۆمەڵگا گەشە و گۆڕانی بەسەردا هات، واتا دووبارە داڕشتنەوەی خودی خۆی و مرۆڤی کردەوە لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی بەرژەوەندیی ماددی و جەدوای ئابووریدا (کە ئەمە ڕەگەزێکی سەرەکیی سیستەمی مۆدێرنەی ڕۆژئاواییە) و لەگەڵ ئەمەشدا بەشتبوون و بەشمەکبوونی مرۆڤ بەرەو زیاتر چوو (ئەمەش

بــەواتای بەســەنتەرنەمانی مــرۆڤ و جێگرتنەوەیــەتی بــە شــت و شمەکەکان).

لــە بــەرەنجامی ئەمەشــدا نموونــە چــەندێتی و تەکنۆکراتییــەکان زیادیــان کــردووە و پرۆســەکانی شــێوازگەری و مۆرکــداری ڕووەو هەڵکشان چوون و پەیوەندییە بۆرژوازییە گرێبەستخوازییەکان قــووڵتر بوونــەوە، ئەمــەش بــووە هــۆی زیــاتربوونی هــەژموونی بــەها دونیــایی (برّاني) ماددییەکانی وەکــو: بــەتوانایی کــارکردن لــە ژیــانی گشــتیدا و پشتگوێخستنی ژیانی تایبــەت– گرنگیــدان بــە ڕۆڵــی ئــافرەتی کرێکــار (بــەڕانی) لەگــەڵ پشتگوێخســتنی ڕۆڵــی ئــافرەتی دایــك– (جــوّاني)[1] گرنگیدان بە بەرهەمداری لەسەر حسابی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی وەکو (تۆکمــەیی خێــزان و پێویســتیی بەدەســتهێنانی ئــارامی بــۆ منــداڵان) –تێهەڵچــوون و دەســتوەردانی دەوڵــەت و هۆکارەکــانی ڕاگەیانــدن و کــەرتی چــێژوەرگرەکان لــە بــواری ژیــاری تایبەتــدا – لەکارخســتنی هەســتکردن بــە ئاساییشــی دەروونیــی ناوخۆیی– لەکارخستنی گرنگیی بیری واتاخوازی (فکــرة المعنــى) بــەو پێیەی بیرۆکەیەکی چەندێتی یان ماددی نییە... هتد.

یەك لە زانایانی کۆمەڵناســی ڕۆژئــاوایی (کریســتۆفر لاش) تێبینیــی ئەوەی کردووە کە هەر لە کۆتایی شەستەکانەوە ئەستەم بووە لەســەر

---

[1] (**برّانی**) مەبەست لە هەر شتێکە کە بەرژەوەندییە ماددییــەکانی تیــادا بــەدی بێــت و ڕووکــارە زەمینییەکان بەرجەستە بکات، بە پێچەوانەی (**جوّانی**)یەوەیە، کە گرنگیدانە بە بەها و چــەمکە باڵا مەعنەوییەکان. وەرگێڕ.

خێزانـــی ئەمـــەریکی بتوانێـــت بـــە یـــەك داهـــات بـــژی، واتـــە بـــۆ دەسـتەبەرکردنی شایسـتەیی مـاددی پێویسـت بـووە لەسـەر ئـافرەت ببێتە (کرێکار) و (توانایەکی وەبەرهێن) و (کەرەستەیەکی سرووشـتی بەڕانی) و ناچـار بـووە واز بهێنێـت لـە پیشـە تەقلیدییـە مرۆییـەکانی، وەك: دایکایەتی، واتە بەم گۆڕانکارییە بەتەواوەتی دەست گیرا بەسەر دوا پێگـە و جێگـە و پـەناگای مـرۆڤ و دوا دەزگـای نێوەنـدگیر کـە لـە نێوان مرۆڤ و بوارەکانی ژیانی گشتیدا هەبوو، ئەویش بـەوەی لەلایـەن دەوڵەتەوە ئیـدارە دەدرا و دەزگـا ئابوورییـەکان بـەڕێوەیان دەبـرد و کەرتی چێژ (قطاق اللذة) ئاڕاستەی دەکردن.

ئاستی پێگەیشتن و ڕابەریکردن (لـە چـێوە مادییەکەیـدا) گەیشـتە پلەیەکی بالاّ لە گشتگیری و قووڵبوونەوە و ڕۆچوون بۆ سـەرجەم بـوار و لایەنەکانی ژیانی گشتی و تایبەتیی تا وەهای لیّ هات کاری مرۆیانـە Labour کـە ئـەو کارەیـە مـرۆڤ لـە بەرامبـەر کرێیـەکی نەختینـەی ژمێرراوی (دیاریکراو)دا پێی هەڵدەستێت، ملکەچی یاساکانی خواسـت و خستنەڕوو بێـت، بـەو مەرجـەی لـە مـەوداکانی ژیـانی گشـتیدا پێـی هەسێت یان لە کۆتاییدا برژێتە ناوی. ئەم پێناسەیەش بە شـێوەیەکی ئاسـایی دایکایـەتی و پێگەیانـدنی منـدالاّن و هـەموو کـارە ناوماڵیـە خانەوادەییەکان دوور دەخرێتەوە و بەکار ئەژمار ناکرێن، چـونکە ئـەم جـۆرە کارانـە ناتوانرێـت بـەوردی ئـەژمار بکرێـت، ناکرێـت مێینـە لـە بەرامبەریدا کرێیەکی نەختینە وەربگرێت لەگەڵ ئەوەی ئەگەر بیـەوێت

بەئەمانەتەوە ئەنجامیان بدات زۆربەی ژیـان و گرنگیپێـدانی ئافرەتـان لەخۆ دەگرێت، ناشکرێت لـە کـاتی جێبەجێکردنیـدا چـاودێری بکرێـت کاتێك لە مەودای ژیانی تایبەتدا ئەنجامی دەدات. زۆر بـەکورتی کـاری ئافرەت لە ماڵدا کارێکە ناکرێـت حسـابی (نرخەکـەی) بکرێـت (لەگـەڵ ئەوەی "بەهاکەی" زۆر بەرز و بەنرخـە)، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە "کـار" دانانرێت، تەنانەت ئێستا وەها بڵاوە، کاتێك ئافرەتی ماڵ سەبارەت بە جۆری کارەکەی پرسیاری لێ دەکرێت دەڵێت: (هیچ کارێك ناکـەم، لـە ماڵـدا دەمێنمـەوە)، بـەو واتایـەی پیشـەی دایکایـەتی (سـەرەڕای گرنگییەکـەی) و کـارکردن وەك دایـك (سـەرەڕای ئـەو زەحمـەت و ناخۆشییەی لە جێبەجێکردنیدا دەیبینێت) "هـیچ نییـە"، چـونکە لـە بەرامبەریدا کـرێ وەرناگرێـت، لـە ناوەنـدی ژیـانی گشتییشـدا ئـەنجام نادرێت.

بەم شێوەیەیە مەرجەعیەتی مادی (بە جەختکردنەوە لە چـەندێتی و بەڕانیەکـەی) قـووڵ و شـۆڕ بوویـەوە بـۆ نێـو ژیـان و مەرجەعیـەتی مرۆڤانەی هیومانیەت (بە جەختکردنەوە لەسەر چۆنیەتی و جـەووانی) پاشەکشەی کرد، لەگەڵ پاشەکشەی ڕەهەندی مرۆڤانـەی کۆمەڵایـەتی کـە گریمانـەی چـەقێتی مرۆییانـە دەکـات و بانگەشـەی سرووشـتێکی مرۆڤانەی تاکانەی دەکرد کە خاوەنی ئەندازەیەکی بەرز و باڵا بـوو لـە جێگیری کە جیای دەکاتەوە لە یاسا سرووشتییە ماددییە گۆڕاوەکان، پاشـان مرۆڤێـك وێنـا کـرا و ناسـێنرا لـە دەرەوەی هـەر ناوکۆیـەکی

کۆمەڵایەتیی مرۆییەوەیە بە شێوەیەك مرۆڤ دەبێتە بوونەوەرێکی سرووشتیی ماددیی چەندێتی کە هیچ ڕۆڵێکی سەنتەری نەبێت لەم گەردوونەدا و پایەیەکی تایبەتی تیایدا نەبێت، هەر وەك شتومەکە سرووشتی/مادییەکانی تر گۆڕانکاری و ئاڵوێری بەسەردا بێت، واتە مرۆڤ بەتەواوەتی هەڵوەشایەوە و لە مرۆڤێکی جیا و سەربەخۆ لە سرووشتەوە گۆڕرا بۆ مرۆڤێکی سرووشتی/ماددی، کە لەگەڵی یەك دەگرێت و تیایدا دەتوێتەوە و پێوەرێتیی خۆی لەوەوە بەدەست دێنێت، ئەو کاتە (دال) کە (مرۆڤە). واتا و مەدلوولە ڕاستەقینەکەی خۆی ون دەکات و چەند شوێنی چۆن و نرخ شوێنی بەها دەگرێتەوە.

ئێمە وەهای بۆ دەچین کە بزاڤی فێمینیزم کە بە (بزاڤی سەنتەربوون بەدەوری مێینە-التمرکز حول الأنثی-دا وەری دەگێڕین) دەربڕی خودی ئەم گۆڕانکارییەیە، هاوکات خزاندن و لابردنی مرۆڤە لە سەنتەربوون و چەقێتیی ئەم گەردوونە و هەژموون و باڵادەستی سرووشت/مادە بەسەر مرۆڤدا. ئەم تێڕوانینەش لە دوو قۆناغەدا خۆی نماییش دەکات:

١- قۆناغی تاکڕەهەندی ئیمپریالی و دوالیزمە و یەکڕەهەندی نەگۆڕ و سەخت[1] کە جیهان تیایدا دابەش دەبێت بۆ ئەو نێرینانەی خۆیان بەتەواوی کردووەتە سەنتەر و بەدەوری نێرینەیی خۆیاندان و لە هەوڵی ئەوەدان ململانێی مێینەکان بکەن و بیانخەن و زاڵ بن و

---

[1] پێشتر ئاماژەمان بە ناوەڕۆکەکەیان دا. وەرگێڕ.

هـەژموونی خۆیـان بسـەپێنن بەسـەریانداوە، لەگـەڵ ئـەو مێینانـەی خۆیان بەتەواوی کردووەتە سەنتەر و بـەدەوری مێینـەتیی خۆیانـدان، لـە هـەوڵی ئـەوەدان ململانێـی پیـاوان بکـەن و بیانخـەن و هـەژموونی خۆیان بسەپێنن بەسەریاندا.

٢- زۆر بــەخێرایی ئــەم تاکرەهەندییــە ئیمپریــالی و دوالیزمــە و تاکرەهەندییە نەگۆڕە هەڵدەوشێتەوە تا ببێتـە تاکرەهەنـدیی مـاددیی ناجێگیر کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان نێر و مێدا نازانێت، هەر بۆیە لەم قۆناغەدا نێرینە لەگەڵ مێیینـەدا لـە ململانێـدا نـین، بـەڵکو هـەموویان هەڵدەوەشێنەوە و لە یەك پێکهاتـەی سـەدیمیدا دەتوێنـەوە کـە هـیچ نیشان و مەشخەڵ و بەشکردنێکی نییە.

## چوارەم: تاکڕەهەندی ئیمپریالی و دوالیزمە و تاکڕەهەندی نەگۆڕ و سەنتەربوون بەدەوری مێیینەدا:

بزاڤی بە سەنتەربوونی مێینە لە یەکێك لە لایەنەکانیدا جەخت لەسەر جیاوازییە قووڵەکانی نێوان پیاو و ئافرەت دەکاتەوە، لە ڕوانگەیەکی تاکڕەهەندیی ئیمپریالی و دوالیزمەی من و ئەوی نەگۆڕەوە دەڕوانێتە بەرامبەر، وەك ئەوەی مەرجەعیەتێکی هاوبەش لە نێوانیاندا بوونی نەبێت، یان وەك ئەوەی کرۆکی مرۆڤانەی هاوبەش کۆیان نەکاتەوە. هەر بۆیە ڕۆڵی ئافرەت وەك دایك کارێکی بەهەند و گرنگ نییە، لێرەشەوە دەزگای خێزان بە قورساییەکی لەتوانابەدەر و کۆلێکی پڕ زەحمەت دادەنرێت.

ئافرەت خۆی بە سەنتەر دەزانێت و ئاماژە بۆ خودی خۆی دەکات و تەنها پشت بە خودی خۆی دەبەستێت، خوازیاری (دۆزینەوە)ی خودی خۆی و (خۆسەلماندنە) لە دەرەوەی هەر بازنەیەکی کۆمەڵایەتی، لەباری ململانێیەکی گەردوونیی بەردەوام و نەبڕاوەدایە لەگەڵ ئەو پیاوەی خۆی بە سەنتەر کردووە، وەك ئەوەی گەلی هەڵبژاردەی خوا بێت لە بەرامبەر غەوارەکان و ئەوانی تردا[1] واتە پرۆسەیەکی کرداریی لێکهەڵوەشانی مێژوویی لەسەرخۆ و پلەپلە دەستی پێ کردووە بۆ دەستەواژەی ئافرەت، هەر وەك لە مێژوی مرۆڤایەتی و چێوەی مەرجەعیەتی مرۆڤایەتیدا پێناسەی بۆ کراوە، تا

---

[1] غەوارە= الاغبار = الدخیل

بەتەواوی دەستەواژەیەکی نوێ جێی بگرێتـەوە کـە بـە (ئـافرەت) نـاو دەبرێت، بەڵام لە کرۆکیدا تەواو جیاوازە لە ئافرەتی پێشوو.

هەر لەگەڵ ئەمەشدا بزاڤی بە سەنتەربوونی مێینە لە بزاڤێکەوە کە گرنگـی دەدات بـە بـیری مافـە کۆمەڵایـەتی و مرۆییـەکانی ئـافرەت دەگۆڕدرێت بۆ بزاڤێك کە گرنگی دەدات بـە بـیری شـوناس، بـەڵام لـە دیدێکی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت لـە کۆمەڵگـەی مرۆیـدا بـۆ دیـد و ڕوانینێکی مـەعریفی ئەنسرۆپۆلۆژی کۆمەڵایـەتی فراوانـی تایبـەت بـە کاروبارەکانی وەکو: ڕۆڵی ئافرەت لە مێژوودا، دەلالەتی مێینـەیی ئـەو ڕەمزانەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت.

لە کاتێکدا بزاڤی ڕزگاریخوازی ئافرەتان گرنگی دەدات بـە کێشـەی بـەدیهاتنی دادپـەروەری بـۆ ئافرەتـان لـەنێو کۆمەڵگـەدا، ئـەوا بزاڤـی بەسـەنتەربوونی مێینـە بـە پێچـەوانەی ئەمەوەیـە، ئـەو لـە چـەمکی ململانێـوە دەڕوانێتـە جیهـان، جیهانێـك نێـر و مـێ هەریەکـەو خـۆی دەخوێنێتـەوە و خـۆیی کـردووە بـە سـەنتەر، مێـژووی شارسـتانیەتی مرۆڤایـەتییش دەبێتـە مێـژووی ململانێـی نێـوان پیـاو و ئـافرەت و زاڵبوونی نێر بەسەر مێدا و هەوڵدانی مێ بۆ دەربازبوون لەم هەژموونە.

هەندێ لـە مێـژووە ئایدۆلۆژییـەکانی بەسـەنتەربوونی مێینـە بـاس لەوە دەکەن هەژموون و زاڵیی نێر بەسەر مێـدا لـە ئـەنجامی جـەنگێك یان کۆمەڵە جەنگێکەوە بەدی هاتووە کـە لـە سـەردەمانی زۆر کـۆن و دێرینەوە ڕوویان داوە، ئەو کاتەی کە سەرجەم کۆمەڵگاکان دایکایەتی

و (دایکسالاری matriarchy) بوون، مێینە یان دایکـان لـەو کاتـەدا خاوەنی هەژموون و زاڵێتی بوون لـە کۆمەڵگەکانـدا، خوایـەکان مێینـە بـوون، ڕێکخسـتنی کۆمەڵایـەتی سـیفەتێکی مێینـەی هـەبووە، واتـە نەرمونیانی و پێکەوەسـازی و خـڕ و بازنـەیی بوونـە (کـە بـە شـێوەی مەمکۆڵە و ئەندامی مێینە بووە).

پاشان نێرینە زاڵ بوون و کۆمەڵگایەکیان پێك هێنا لەسەر بناغـەی ململانـێ و چـەك (کـە شـێوەکەی بـە ئەنـدامی نێرینـە دەچـێت) و داگیرکردن (کە بە هێرش و پەلاماری کتـوپڕی نێرینـە بـۆ سـەر مێینـە دەچێت).

بەڵکو سەرجەم مێژوو بەدەوری یەك چەقدا خولی دەخوارد ئـەویش بریتی بووە لە: پیاو – ئەنـدامی نێرینـە – دەسـەڵات – خـوای نێـر – بـاوك – ئەمـەش بریتییـە لـە کۆمەڵگـەی باوکایـەتی (باوکسـالاری patriarchy). بانگەشـەکارانی پۆسـت مۆدێرنـە و بەسـەنتەرکردنی مێینەیە قسە لەسەر لۆگۆس (logos) (واتە وشە و ڕەها و سەنتەر)، و فالۆس (phallus) (واتە ئەندامی نێرینە)دەکەن. ئەوان وەهای بـۆ دەچن جیهـان بـەدەوری لۆگـۆس و (لۆگۆسـنتریكlogo-centric)دا چـەقی نەبەسـتووە هـەر وەك هەنـدێك لـە بانگەشـەکەرانی نێرینـەی پۆستمۆدێرنە بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو بەدەوری ئەندامی نێرینەدا (فالۆگوسـنتریك phallogo – centric)دا چـەقی بەسـتووە و گێڕانەوەی ڕووداو و بەسـەرهاتەکانی مێـژووش لـە دید و ڕوانگەیـەکی

نێرینـــەیی ڕووتـــەوە بـــاس دەکرێـــت و بەتـــەواوی مێینـــەی تیـــادا دوور دەخرێتـــەوە، هـــەر لێـــرەوە بانگەشـــەکەرانی پۆســـت مۆدێرنـــە و بەســـەنتەربوونی مێیینـــە بـــە هـــەرە پێویســـتی دەبیـــنین (کۆتاییـــەك) دابنرێت بۆ ئەو مێژووە و ئەو جیهانە نێرینەیە هەڵوەشێنرێتەوە.

بنیـــات لەســـەر ئـــەم تێڕوانینـــە بـــۆ مێـــژوو بانگەشـــەکارانی بەســـەنتەرکردنی ئافرەتـــان داوای ئـــەزموونی بـــەردەوام و درێژخایـــەن دەکەن و بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانەی وەها دەخەنە ڕوو کـە بانگەشـە بۆ دارشتنەوەی هەموو شتێك دەکەن: مێژوو زمان و هێماکان، تەنانەت سرووشتی مرۆڤ خۆیشی بەو شێوەیەی بە درێژایی مێژوو بەدی هاتووە و لە دەزگا مێژووییەکاندا بەدەر کەووتووە و لە کارە هونەرییەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە ئەم بەدیهاتن و بەدەرکەوتن و ڕەنگدانەوانـە هیچ نین تەنها لادان و دەرچوونێکن لـە ڕەوت و ڕێـڕەوی ڕاسـتەقینەی مێژوو.

لـە بـواری خسـتنەگەڕ و دانـانی ئـەم بەرنامـە (شۆڕشـگێڕییە) بـۆ جێبەجێکردن، بانگەشەکارانی بەسەنتەرکردنی مێینە داوای پێویستیی دووبـــارە گێڕانـــەوەی مێـــژوون لـــە ڕوانگەیـــەکی مێینانـــەوە (واتـــە بەسەنتەرکردنی ئافرەت تیایدا)، بـەڵکو نـاوی خـودی مێـژوو خۆیشـی دوبارە دارێژرێتەوە، مێژوو بە ئینگلیزی ( هستۆری – History)یە و هەنـدێك لـە زیرەکـەکان دەڵـێن مانـای (چـیرۆکی ئـەو His tory)ی دەگرێتەوە، هەر بۆیـە بڕیـار درا نـاوی مێـژووش بگۆڕرێـت بـۆ ئـەوەی

ببێتــه (چـیرۆکی ئــەوی مێینــه Her story) بــەو واتایــەی مێــژووی نێرینــه بەتــەواوی جیایــە لــه مێــژووی مێینــەکان (بەتــەواوەتی وەکـو "مێژووی جوولەکە"ی جیا و سەربەخۆ لە "مێژووی مرۆڤایەتی").

ئەو هێما و نیشـانانەی نێرینـه سـەپاندوویەتی دەبێـت ئـەو هێمـا و نیشانه مێینانەیان بۆ زیاد بکرێت کـە دەربـڕی ناسـنامەی مێینەیـەکی سەربەخۆن، بەرهەمه هونەرییەکانی مرۆڤیش دەبـێ دەربـڕی مێینــه و ئازارەکانی بن.

لێــرەوە دەبیــنین ئــەدەبی نــوێی ڕۆژئــاوایی جــەختێکی زۆری کردووەتــەوە لەســەر بـوارە ململانێییـەکانی پەیوەنـدی نێـوان پیـاو و ئــافرەت و چــەندان بابــەتی تــری ئــەدەبیی وەکــو داوێنتکانــدن و لاقەکردنی بەزۆر.

ئامانجی سەرەکیی بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینه، لە کۆتایی کـار و دوا شـیکردنەوەیدا، بەرزکردنـەوەی هۆشـیاریی ئافرەتانـە بـە خۆیـان وەکو ئافرەت و ڕۆڵبینینێکی باشه لـەو جەنگـە نـەبڕاوە و ئەزەلییـەی لەگـەڵ پیاوانـدا هەیانــە و بەسیاسـیکردنیانە، نــەك بــە واتــا بــڵاوە بەکارهێنراوەکەی (کە هەستکردنی مرۆڤە بە ڕەهەنـدە سیاسـییەکانی دیاردەکانی دەوروبەری و بە ماف و ئەرکە سیاسـییەکانی) بـەڵکو بـەو واتایەی هەموو شتێك دەربڕی ئەو ململانێ گەردوونییەی نێوان نێرینــه و مێیینەیە.

تیری ئیجلتۆن، کە خاوەنی ئاڕاستەیەکی فێمینیزمییە نموونەیەك دەهێنێتەوە لەسەر شیکردنەوەی تەفکیکی و تەئکید دەکاتەوە لەسەر ئەم بیرۆکەی ململانێیە، کە چۆن دەبێت یەکێك لە دوو جەمسەری ململانێیە هەژموون بکات بەسەر ئەوی تردا، نە خۆشەویستی هەیە و نە بەزەییپێداهاتنەوە و نە مرۆڤایەتییەکی هاوبەش، بەڵکو ململانێیەکی دڕندانە هەیە، تەنها لە ڕووی وردەکارییەوە جیایە لە ململانێی چینایەتییەکەی مارکس یان ململانێی جۆر و ڕەگەزەکانی داروین یان ململانێی نێوان ڕەگەزی سپی و ڕەگەزە "جیاواز"ەکانی تر بەپێی دیدگا ڕەگەزپەرستییە ئیمپریالییە ڕۆژئاواییەکە. تیری ئیجلتۆن دەڵێت:

"کۆمەڵگا نێرینەکان، کە نێرینە تێیدا سەنتەرە، وەهای بۆ دەچن کە پیاو بناغە و ئەسڵی جێگیرە (بنەمای یەکەم—لۆگۆس) و ئافرەتیش بە پێچەوانەوە". بەڵام لە واقیعدا ئافرەت ئەسڵەکەی ترە کە بێدەنگیی لێ کراوە. ئافرەت پێچەوانەی پیاوە، ئەوە کە دەگونجێت ئاماژەی پێ بکرێت بەوەی (پیاوەکەی ترە) ئەو پیاو نییە، بەڵکو پیاوێکی نەنگاوی و کەموکورتە بەپێی وێناندنی کۆمەڵگە نێرینەییەکان.

کەچی پیاو هەر خۆی پیاوە نەك لە خودی خۆیدا، بەڵکو لە ڕێگەی بەکۆیلەکردن دژ و پێچەوانەکەی خۆی و شاردنەوەی کە ئافرەتە، ئەو خودی پیاوەتیی خۆی بە دژایەتی ئافرەت پێناسە دەکات، هەموو

بوون و شوناسێكی بەتەواوی پەیوەستە بەوەی چۆن لە هەوڵی ئەوەدا بێت بوونی سەربەخۆیانەی خۆی جیا لە ئافرەت بسەلمێنێ و تەئكیدی بكاتەوە، ئەو لە بەرامبەر ئافرەتەوە خۆی پێناسە دەكاتەوە، ئافرەت پەیوەندییەكی بەهێزی بەوەوە هەیە بەو پێیەی وێنە دژ و پێچەوانەكەی ئەوە، ئافرەت وێنەیەكە كە ئەوی پیاو نییە، ئەو (ئافرەت) دەربڕی ئەو پەنهانیەیە كە ئەو لێی دەترسێت، ئەو (پیاو) دەیەوێت ئامادەیی تەواوی خۆی تەئكید بكاتەوە.

"بەڵكو ئافرەت بەم كارەی دەبێتە ڕەگەزێكی سەرەكی لە بەنێرینەكردنی پیاو لە خودی خۆیدا، ئامادەبوونی لە غیابی ئەودایە، هەر بۆیە لە ڕاستیدا پیاو پێویستی بە ئەوی ترە، تەنانەت لەو كاتەشدا پەستە پێی و تووڕی دەدات، ئەو ناچارە ناسنامەیەكی ئیجابی بە یەكێك ببەخشێت كە بە هیچی دانانێت، بوون و كیانی ئەو بە شێوەیەكی مشەخۆرانە پشت بە ئافرەت دەبەستێت و بوونی لەسەر دوورخستنەوەی ئەو ڕاوەستاوە، پیاو ئافرەت دوور دەخاتەوە، چونكە لە هیچ كاتێكدا ئەو (ئافرەت) نابێتە ئەوی دی. لەوانەیە ئافرەت ئاماژەیەك بێت لەسەر شتێك كە لە خودی پیاودایە، شتێك كە پێی خۆشە سەركوتی بكات و بیچەپێنێت و دووری بخاتەوە بۆ دەرەوەی بوون و سنووری خۆی لەوانەیە ئەوەی لە دەرەوەی پیاودا بێت لە ناوەوەیدا هەبێت، یان ئەوەی نامۆیە پێی نزیكە لێیەوە.

"لەبەر هەموو ئەمانە پیاو وەها دەبینێت پێویستییەکی هەرە زۆری بەوەیە پاسەوانی سنووورە ڕەهاکانی نێوان جیهانی خۆیی و جیهانی ئافرەت بکا بە سەرجەم ئەو توانایەی پێی دراوە بەهۆی ترسی ئەوەی تێپەڕاندنی سنوورەکان شتێکە دەکرێت بێتە ئاراوە و دەشگونجێت ڕوو بدات، سنوورەکان بەو شێوەیە نین هەر وەك لە سەرەتاوە دەردەکەون).

لەم لێشاوی وشە و چەمك و هەڵڕشتنانەدا مرۆڤ وا دەزانێت کە باسەکە سەبارەت بە چەمکی سنوور و ئاساییشی دەوڵەتی زایۆنی بێت، یان باسی پەیوەندیی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و ویلایەتە یەکگرتووەکان بێت لە جەنگی سارددا، یان باسی جەنگەکانی پیاوی سپی بێ دژ بە گەلانی ئاسیا و ئەفەریقا، نەك باس لە پەیوەندیی پیاو و ئافرەت بێت. (هاوڕێیەکم کە لە پێشڕەوانی بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینەیە، هەواڵی پێ دام کە پەیوەندیی سێکسی نێوان پیاو و ئافرەت لە کرۆکدا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سیاسییە.) (ئابەو شێوەیە !)، (وەڵامی منیش بۆی ئەوە بوو کە: یا هیچ سەبارەت بە پەیوەندییە سێکسییەکان نازانیت، یا ئاشنای ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی نیت).

ئەمە ئەو دیدگا ململانێ داروینییە دڕندانەیەیە کە لە تێڕوانینی بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینەدا سەبارەت بە هەست و سۆزی هەریەکە لە ئافرەت و پیاو بەدەر دەکەوێت و دەخرێتە ڕوو، لە نەمان و غیابی مرۆییانەی هاوبەشدا هەست و سۆزی هەریەکە لە ئافرەت و پیاو بوونی

نابێت لە نێوان نێر و مێدا، چونکە پێکهاتەی جەستە و سرووشتی فیسیۆلۆجی هەریەکێکیان جیایە و (مرۆڤی سرووشتی/ماددی) تەنها بە جەستە دەژی و کەش و بارەکەی لە سنووری کەش و باری جەستەیدایە و تێی ناپەڕێنێت).

هەر بۆ نموونە پیاو سکپڕبوونی نییە و منالّی نابێت، لێرەوە ناگونجێت لە کاتی سکپڕی و چرکەساتی منالّبووندا هەست بە ئازار و خەم و دلّشادییەکانی ئافرەت بکات، هەر بۆیە تەنها خۆیەتی و لاشەی (هەر بۆ ئەم مەبەستە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ولاّتە یەکگرتووەکان هەستا بە کردنەوەی چەند خولێکی ڕاهێنانی پیاوان تا فێری ئازارەکانی ئافرەت بن. لە نێوان ئەو ڕاهێنانەدا پێدانی سکێکی هەلّئاوساوی پلاستیکییە بە پیاو تا لەبەری بکات و لێرەوە هەست بە ئێش و ئازاری ژنە سکپڕەکەی بکات وەك ئەوەی سکپڕی و لەدایکبوون بەتەواوی مەسەلەیەکی ماددی و زەمینی بێت: تەنها "هەلّگرتن"ی کۆلّی قورسایی پلاستیکی!).

هەمان ڕوالّەت واتە جیاکردنەوەی تەواو لە دیدگا و هەستەکانی نێوان پیاو و ئافرەت و ئینکاریکردنی بوونی سرووشتێکی مرۆییانەی هاوبەش لە هەلّوێستی بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینە لە زمانیشدا بەدەر دەکەوێت. ئەم بزاڤە وەهای بۆ دەچێت کە زمانی ئافرەتان بەتەواوەتی جیایە لە زمانی پیاوان، زمانی ئافرەتیش زمانێکی چەماوەی بەنازونوك و گالّتەبازە وێنەی جەستەی ئافرەت ( جارێکی

تر جەستە و بەردەوام جەستە، جەستە لە سەرەتا و کۆتاییدا). هەر بۆیە پێکگەیشتنی نێوان نێر و مێ شتێکی گونجاو نییە، خۆ ئەگەر بەدییش هات کامڵ و تەواو نییە، لێرەدا هێرش دەکرێتە سەر ئەوەی بە (نێرینەی زمان) ناو دەبرێت و بانگەشە دەکرێت بۆ (بەمێینەکردنی) و ئەو زمانانەی دارِشتەی نێرینەیی لە دارشتەی مێینەیی بە باشتر دەزانێت، پێویستە بە شێوەیەك دابرِێژرێتەوە کە دارِشتەی بێلایەن یان دارِشتەی نێرینە – مێینەیی بەکار بهێنرێت، هەر بۆیە هەریەکە لە وشەی (ئەو کە بە ئینگلیزی: هی He) یەو (ئەو بۆ ئافرەت کە بە ئینگلیزی : شی She ) یە دەبێت بەمشێوەیە دابرێژرێتەوە ( he/sheیان she/he) تا گومانی ئەوە نەبرێت کە پیاو لە ئافرەت باشترە.

لە هەوڵێکی جیاکردنەوەی تەواوی نێوان پیاو و ئافرەت و بەمێینەکردنی زماندا دووبارە ئەم وشانە دەنووسرێتەوە و دادەرِێژرێتەوە لەوانە وشەی (ئافرەت women) بەم شێوەیە (womyn) بنووسرێتەوە بۆ ئەوەی وشەی ئافرەتان لە ئینگلیزیدا (men) واتە پیاوان لەخۆ نەگرێت پەنا بەخوا. تێبینیی ئەوە کراوە کە (پیاوە بەفرینە) (پیاو) دەستکاری ناوەکەی کرا بۆ ئەوەی لە (snowman)ەوە ببێتە (ئافرەتە بەفرینە) کە بە ئینگلیزی (سنۆومان snow woman) یان ببێتە (مرۆڤە بەفرینە) کە بە (ئینگلیزی سنۆو پیرسۆن snow person)ـە .

هەمان شت پیادە دەبێت بەسەر ئەو وشانەی بەکار دەهێنرێن بۆ خودی خوایەتی (الذات الإلهية) پێویستە دور بگیرێت لە ئاماژەکردن بۆ خودا بەو پێیەی نێرینە بێت، کەواتە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت بەو پێیەی نێر و مێینەیە لە یەك کاتدا، هەر بۆ نموونە بوترێت: (إن الخالق هو الذي/ هي التي، وضع/ وضعت.. الخ) [١] بەڵکو هەندێ جار هەر بە مێینەیی ئاماژەی پێ دەکرێت، وەك ئەوەی ئەو (ملكة الدنيا) و (سيدة الكون)ە. هەر وەك هەندێك لە بانگەشەکارانی بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینە هەندێ وشە بەکار دەهێنن کە بێڕەگەز و (بە ئینگلیزی: أن جندرد un gendered )ی پێ دەوترێت وەکو (هاوڕێ : فرێند Friend) و (هاوەڵ: کۆمپانیۆن companion) و (بەشدار لە دروستکردندا: کۆکریتۆر co-creator)) وەك ئاماژەیەك بە خوا.

هەموو ئەمانە گەڕەلاوژەن، بەرنامە نین بۆ چاکسازی، بەڵکو هێرشە بۆ سەر زمانی مرۆڤایەتی و سنوورەکانی و شێواندنی، ئایا ئێمە بیر دەکەینەوە لە وشەی (مقاومة–بەرگری) بەوپێیە مێینە (أنثى) یە و لە وشەی (صمود – خۆڕاگری) بەوپێیەی نێر (ذكر)ە؟ وە ئایا بیر لە (أمانة– سپاردە) و (خيانة – ناپاکی) دەکەینەوە بەو پێیەی بۆ مێینەن، بەڵام (ملاك – فریشتە) و (شیطان) بەو پێیەی نێرینەن؟ یان کاتێك دەڵێین (أبواب – دەرگاکان) ئایا لە بیری ئەندامی نێرینەداین، تا کاتێك گەر وتمان (بوابات) بیر لە ئەندامی مێینە

---

[١] ئەمە لە کوردی و بەتایبەت شێوەزاری سۆرانیدا کەمتر دەردەکەوێت. وەرگێڕ.

بکەینەوە، یاخود ئەمە ویژدانی حلولیە سرووشتییە مادییەکانە کە لاشە وەك ڕەگەزێکی سەرەکی هەستکردن بە شتەکان دادەنێن؟ پاشان بۆ بازنەکە تەسك دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەندامی نێرینەی و مێینەیی ببێتە ئەو تاکە وێنەیە مەجازییەی لێیەوە هەست بە جیهان بکرێت؟ ئایا گونجاوە بەکارهێنانی وشەی مرۆڤ (الإنسان)، (کە دەربڕینێکە بۆ نێر و مێ) ببێتە چارەسەری کێشەکە؟ وەڵامیش بە شێوەیەکی سرووشتی، نەرێیە، چونکە ئەوەی گرنگ بێت لە ڕوانگەی بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێیینەوە بریتییە لە خستنەڕووی بەرنامەی چاکسازیی ئەستەم و موستەحیلی وەها کە ناکرێت جێبەجێ بکرێت و لە تواناادا نەبێت، چونکە ئەزموونکردنی بەردەوامی بێ ڕابردووە، بێ یاداشت و بێ تێگەیشتنە ، کە ئەمەش لای ئەوان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەیانەوێت سنووری زمان و مەرجەعیەتی مرۆییانەی هاوبەش و سەرجەم مەنزوومەی بەهاکان بپووکێنەوە.

دیدی یەك ڕەهەندی و دوالیزمەی ململانێی سەخت و نەگۆڕ (الصراعية الصلبة) لە ئاماژە یەك لەدوای یەکەکانی ئەدەبیاتی بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینە لەوەدا ڕوون و ئاشکرا دەبێت کە سەیری ئافرەت دەکات بەو پێیەی کەمینەیە، وشەی کەمینەش مانای کەمینەیەکی ژمارەیی چەوساوە و تەنگپێهەڵچنراو نییە، بەڵکو لە واقیعدا واتای ئەوەیە کە زۆرینە لە هیچ جۆرێك لە (مرۆڤایەتیی

هاوبەش)دا بوونی نییە و هیچ پێوەرێکیش نییە کە بڕیاری بەسەردا بدات، هەمووان یەکسانن و ناکرێت بڕیار بەسەر کەسدا بدرێت.

ئەم دید و ڕوانینەش کاتێك دەگات بە لووتکە (یان ئەوپەڕی خواری خۆی) کە مێینە بڕیاری ئەوەی دا بەتەواوی پشت هەڵبکات لەوی تر– کە پیاوە، ئەو خۆی مەرجەعیەتی خۆیەتی و جێگەی چارەسەرەکانە و تەنهاش ئاماژە بە خودی خۆی دەکات، ئەو (سوپەر وومان Super woman) هەر بۆیە جیابوونەوەی تەواوی خۆی لە پیاو ڕادەگەیەنێت، ئا لەم کاتەدا هاوڕەگەزبازی ئافرەتان (سوحاق[1]) دەبێتە دوادەربڕینی تاکڕەهەندیی سەخت و نەگۆڕ، ئەمەش کارێکی سرووشتی و لواوە بۆ ئەو ئافرەتەی کە پەسەندی نییە جەخت لەسەر "مرۆڤایەتی هاوبەش"ی بکرێت کە ناکرێت بەدی بێت تەنها لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و ناوکۆیەکی مێژووییدا نەبێت، لە جێی ئەمە جەخت لەسەر "ئافرەتێتی"، واتە خودی مێینەیەتیی دابڕاو دەکات کە لە هیچ ناوکۆیەکی مێژوویی یان لەنێو هیچ چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا نابیندرێت[2].

---

[1] پێگەیشتنی سێکسییانەی ئافرەت لەگەڵ ئافرەت. وەرگێڕ.

[2] دیارە لێرەدا چەمکی تەواوکاری و خۆشەویستی و بەزەیی و ئارامش کە قورئان داوای دەکات بوونی نامێنێت، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو هەستە مرۆییە جوانەکانیش کە لە ناخی هەریەکەیاندا هەیە لە سایەی ئەم تێڕوانینە پەڕگیر و توندڕەوییەدا کەنار دەخرێت و لەبری ئەوە ململانێ و دوژمنایەتی جێگەی دەگرێتەوە. وەرگێڕ.

هەر وەكو یەكێك لە بانگەشەكەرانی بەسەنتەركردنی مێینە كە ڕەفتار نەشاز و ڕیزپەڕە لە ڕووی سێكسییەوە وتویەتی: (ئەگەر فێمینیزم بیردۆزە بێت، ئەوا ڕەگەزبازی مێینە پیادەكردنەكەیەتی (If feminism is the theory, lesbianism is the practices) ئەوەش دەبێتە شتێكی سرووشتی كە ئافرەت بۆ منالبوون پەنا وەبەر پیاو نەبات بەڵكو دەكرێ پەنا بۆ كارگە و ڕێوشوێنە زانستییە "سرووشتییە" جیاوازەكان ببات كە "پاكژە لە مێژوو و كۆمەڵگە و بەهاكان" كە پیاو وەك مرۆڤایەتییەكی هاوبەش دوور دەخاتەوە.

بەم شێوەیە دووفاقەیی بەتەواوی پاكتاو دەكرێت و ململانێكە یەكلا دەكرێتەوە بۆ ئەوەی بگەین بە حاڵەتێك لە تاكڕەهەندی سەختی مێینەیی نەگۆڕ (الأنثوية الصلبة) و چەقبەستنێكی نامرۆڤانەیە بەدەوری خودی مێینەدا، هەروەها بۆ كۆتایی مێژوویەك كە مێینە تیایدا سەنتەرە.

## پێنجەم: تاكرەهەندیی ناجێگیر و توانەوەی مێ[1]:

بیری بەسەنتەركردنی مێینە سەر بە شێواز و چەشنێكی سەرەكییە لە فكری ماددی، هەر وەك لە پێشدا ئاماژەمان پێی كرد (گواستنەوە لــە بەســەنتەركردنی خــودی مرۆڤانــەوە بــۆ بــە ســەنتەركردنی سرووشت/ماددە، وە لە جیهانێك چەقەكەی لە ناوەوەی خۆیدا بێت بۆ جیهانێكی بێچەق و سەنتەر). هەر بۆیە دەبینین هەڵوەشاندنەوەی دەستەواژەی ئافرەتی (مرۆڤ مرۆڤە) دوو شێوازی دژ بە یەك وەردەگرێت، یەكەمیان ئەوە بوو لە بەشی پێشووی ئەم توێژینەوەیەدا لێی دواین، واتە گۆڕینی ئافرەت لە بوونەوەرێكی چەقبەستوو بەدەوری خۆیدا و تەنها ئاماژە بە خۆی دەكات كە ئەمەش سەری كێشا بۆ دەركەوتنێكی پەڕگیرانە بەدەوری خودی مێینە و دوژمنایەتییەكی دڕندانەی نێرینە و ململانێیەكی داروینییانەی بەردەوامی نێوانیان (تاكرەهەندییەكی ئیمپریالی و دوالیزمە و تاكرەهەندیی سەخت و نەگۆڕ).

بەڵام شێوازی دووەم ئەوەیە كە بە "تاكرەهەندیی ناجێگیر" ناوم بردووە. تاكرەهەندیی ناجێگیریش لە تاكرەهەندیی سەخت و نەگۆڕدا

---

[1] ئەم قۆناغە نەمانی دڵنیای و ڕەهاییە و هەمو شت دەبێتە ڕێژەیی، جیهان سەنتەر و لێوار و سەروخوار و نێر و مێی نامێنێت و لە یەك ڕووتەختدایە و فەردانیەت و بەرژەوندیی شەخسی لە هەموو شت گرنگترە بە كۆمەڵگە و ئافرەت لە مرۆڤەوە دەبێتە بوونەوەرێكی سرووشتیی مادی و تەنها ئەم رەهەندەش بەوانی تریەوە دەبەستێتەوە نەك مرۆڤایەتیی هاوبەش یان دوانەیەكی تەواوكار، جیهان فرەسەنتەر دەبێت كە مەسیری بە(سائل)ی ناو بردووە. ". وەرگێڕ.

شاراوەیە، پاش ئەوەی ئافرەت لە مرۆڤێکی مرۆڤانـەوە دەگۆڕێـت بـۆ بوویـەکی سرووشـتی/ماددی، کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ چـەند ڕەگـەزێکی ماددی و لەو چوارچێوەیەدا ڕاڤە دەکرێت، بە شێوەیەك ئافرەت ئاماژە بە خودی خۆی ناکات بەڵکو بە سرووشت/ماددەی دەکـات، ئـا لێـرەدا بە پیاو یان مرۆڤی سرووشتی یەکسان دەکرێت لـە هـەموو ڕوویەکـەوە بە شێوەیەك کە هیچ جیاوازییـەکی لەگەڵیـدا نـەبێت، ڕۆڵـی ئـەم هـیچ جیاوازیی نییە لە ڕۆڵی ئـەو، هەریەکـەیان مرۆڤێکـی مـاددین، ئـەوەش کۆی کردوونەتەوە مرۆڤایەتیی هاوبەشیان نییـە، بـەڵکو مـاددیبوونی هەردووکیانە، لێرەوە دەخرێنە ئاستێکی سرووشتی/ماددی گشتی، کە گوێ نەدا بە نێرینەیی نێر و مێینەیی مێ یان یەکسانکردنی نێوانیـان، یاسـای سرووشـتی/ماددی گشـتییە و گـوێ بـە تایبەتمەنـدێتیی یـان دوالیزمـەیی نـادات. هـەروەها جیهـانیش فرەچـەقە و گـوێ بـە هـیچ جیاوازییەکی دیار یـان نـاوەخن نـادات، چـونکە جیهـانێکی نـاجێگیری بێچەقە، ناکرێت بڕیار بەسەر هیچ شتێکدا بدات.

سەرجەم ئەمانە سەر دەکێشێت بۆ دەرکـەوتنی یەکڕەگـەزی یـان ڕەگەزی نێوان هـەردوو ڕەگەزەکـە (کـە بـە ئینگلیـزی: یـونی سـێکس uni sex)ی پێ دەڵێن، واتە گێڕانەوەی واقیع بۆ یەك ڕەگەز یان یەك بنەمای وەها کـە هـەر شـێوازێك لـە شـێوازەکانی نـەگونجان یـان هـەر جۆرایەتییـەك ڕەت دەکاتـەوە، بـەڵکو ئینکـاریی بـوونی دوالیزمـەی

نێر/مێ دەکات، نێر وەکو مێیە و مێ وەکو نێرە و هەریەکەشیان تەنها مرۆڤێکی سرووشتی/ماددییە.

بەم شێوەیە سوپەر هومان super woman دەگۆڕێت بۆ دوژمنی پیاو (سبومان subw man)، کە هیچ ناسنامەیەکی مێینەی سەربەخۆی نییە، بگرە لە ئافرەتیش کەمترە، ئافرەتێکی کەموکورت، ئەوپەڕی توانای خۆی دەخاتە کار تا کامڵ بێت، واتە بەتەواوی پڕاوپڕی پیاو بێت.

بەڵام لە هەردوو بارەکەدا (سوپەرمان یان سبومان) ئافرەت ئەو دایک، ژن، خوشک و خۆشەویستە نییە کە ناسیومانە و ڕۆڵێکی سەربەخۆی هەیە لەنێو چوارچێوەی مرۆییانەی گشتیی وەهادا کە نێر و مێ و بچووک و گەورە لەخۆ دەگرێت، بەڵکو بەتەواوەتی شتێکی نوێیە، لەگەڵ ئەوەشدا زاراوەی (ئافرەت)ی بەسەردا دەچەسپێت.

بە نەمانی ژن وەک دایک و ئافرەت، خێزانیش دادەڕووخێت و کرۆکی مرۆییانەی هاوبەشیش بەرەو دواوە دەچێت و هەموو مرۆڤەکانیش دەبنەوە تاکی سرووشتی وەها کە هەریەکەی بەرژەوەندیی تایبەت و بەسەرهاتی بچووکی تایبەتی خۆی هەیە، هەر مرۆیەک وێنەی گەردیلەیەکە و لەگەڵ گەردیلەکانی تردا پێکدا دەدەن و لە ململانێدان و هەموویان بەتاکی ڕووبەڕووی دەوڵەت و کەرتەکانی چێژ و ڕاگەیاندنەکان دەبنەوە و دەکەونە چنگی گۆڕانەکانەوە و یەکسان دەبن بە گیانداران و شتەکان و یەکڕەهەندیی ناجێگیر باڵ

دەکێشێت بەسەر ژیاندا کە جیاوازیی نێوان پیاو و ئافرەت یـان نێـوان مرۆڤ و شتەکان نازانێت.

لەم قۆناغی تاکڕەهەنـدیی نـاجێگیرە (الواحدیـة السـائلة)دا ئامـاژە دەکرێت بە خودا، نەك بەو پێیەی (هو) — (ئەو) بۆ نێر یان (هـی) بـۆ مـێ بێـت، بـەڵکو بێلانیـەنی دەگاتـە لووتکـە و نـاجێگیری دەگاتـە ئەوپـەڕی، وەهـا ئامـاژەی پـێ دەکرێـت هـەر وەك لـە یـەکێك لـە وەرگێڕانەکانی ئەم دواییەی ئینجیلدا هاتووە بـەو پێیـەی نێـر و مـێ و شتیشە، خودا (إله) بریتیە لە: (He , She , It). قورسیشە لەسـەر مرۆڤ بڕیاری ئـەوە بـدات کـە ئەمـە کۆتـایی ناجێگیرییـە، یـاخود زیـاد لـەوەش هەیـە؟ چـونکە ئـەزموونی کـراوەی زمـان و مێـژوو و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ مەسەلەیەکی بێسەروبەرەیە و هیچ سنوور و کۆتاییەکی نییە.

## شەشەم: بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینە و سیستمی نوێی جیهانی:

لە ڕاستیدا بانگەشەکارانی ئازادکردنی ئافرەتان بەتەواوی ئەو ڕاستییە بەڵگەنەویستە مرۆییە سادەیە هەست پێ دەکەن کە چەندان جیاوازیی بایۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتی لە نێوان پیاو و ئافرەتدا هەیە، کە ئەمەش چەند جیاوازییەکن دەگۆڕێن – لە ڕوانگەی ڕەفتاری هەریەکەیانەوە– بەپێی پلەکانی قووڵی و سادەیی. لە چەند ئاستێکیشدا تەعبیر لە خۆی دەکات وەك جیاوازیی دابەشکردنی ڕۆڵی نێوانیان و دابەشکردنی کاری، بەڵام لە بری ئەوەی بانگەشەکارانی ئازادکردنی ئافرەتان هەوڵی سڕینەوەی ئەم جیاوازییانە بدەن و بە شێوەیەکی تەواو زاڵ بن بەسەریدا و بنەبڕی بکەن، ئەوا ئەوپەڕی هەوڵیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ئەم جیاوازییانە نەبنە هۆی گۆڕانی بۆ ستەم یا جیاکاریی کۆمەڵایەتی یان مرۆیی، کە سەرئەنجام سەر بکێشێت بۆ فراوانترکردنی ئەو بۆشاییەی لە نێوان نێر و مێدا هەیە.

بەڵام بانگەشەکارانی بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینە زۆر بەتوندی لایەنگیریی قووڵترکردنەوەی ئەو خاڵە جیاوازییانەی نێوان پیاو و ئافرەت دەکەن. بەو پێیەی جیاوازییەکی قووڵی وەهایە لە لایەکەوە ناکرێت ببڕدرێت و لە لایەکی دیکەوە ئەوەش پەسەند ناکەن کە هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا هەبێت.

هەر بۆیە بیرۆکە و فیکرەی ئەوان بیرۆکە و فیکرەی دابەشنەکردنی ڕۆڵ و بەشبەشنەکردنی کارە و جەخت لەسەر

ئەستەمێتیی پێکگەیشتن و سازانی پیاو و ئافرەت دەکەن، هیچ گرنگی و بایەخێك نادەن بە بیری دادگەری و هەوڵ دەدەن یان جیاوازیی نێوان پیاوان و ئافرەتان قووڵ و فراوان بکەن، یان هەریەکەیان بەوی تریان یەکسان بکەن، داوا دەکەن نێرینە لە یەك کاتدا باوك و دایك بێت و مێینەش بە ڕۆڵی خۆی ببێتە دایك و باوك و هەردوو ڕۆڵەکە ببینێت.

لەوانەیە ئەندازەی بۆماوەیی زۆرێك لەو "گرفتانە" چارەسەر بکات و دەرگای ئەزموونکاریی بێکۆتا بخاتە سەر پشت، بە شێوەیەك بگونجێت پیاو بە منداڵەوە "سکپڕ" بێت (نەك سکێکی پلاستیکی)، ئەویش بتوانێت ئازار و ئەشکەنجەکانی سکپڕی تێپەڕێنێت لە ڕێی کردەوەکانی لەبەرگرتنەوە و کۆپیکردنی ئاسانەوە.

هەروەها هەمووارکردنەوەی یاساکان لە ڕۆژئاوادا "سەرجەم گرفتە" شەکلییەکان لە ئەستۆ دەگرێت و سنوورێك لەسەر کردەی ئەزموونکاری دادەنێت، ئەوەتانێ مێینەیەك دەتوانێت مێینەیەك بخوازێت، یان نێرینەیەك بخوازێت بەو پێیەی بە "ڕەگەزپەسەندی Sexual preference – التفضيل الجنسي" ناو دەبرێت. بەڵکو کارەکە سەر دەکێشێت بۆ لەخۆگرتنی خودی هەستە بەرزە واتاییەکانیش (الاحساس الجوانية)، ئافرەتی ڕاستەقینە پێویستە هەست و سۆزەکانی لە پیاو جیا نەبێت، و پیاوی ڕاستەقینەش دەبێت هەست و سۆزەکانی لە هەست و سۆزی مێینە جیا نەبێت.

هۆلێۆدیش که (گەورەترین ئامرازێکە ڕەگەزی مرۆ ناسیویەتی بۆ بڵاوکردنەوەی فیکر و تەشەنەپێکردنی دید و بۆچوونەکان) هەڵدەستێت بە ڕۆڵێکی چالاك لەم بوارەدا، ئەوەتانێ چەندان فیلمی وەها نمایش دەکات کە ئافرەتان هەڵدەستن بە ئاڵوودەکردنی پیاوان، پیاوانێك هەڵدەستن بە سوورکردن و ئارایشکردنی دەموچاویان (لێرەدا هیچ ڕێگر و بەرهەڵستییەك نییە (نون النسوة)ی مێینە بەکار بهێنرێت بۆ پیاوان و لەجیاتی (وجوههم) بوترێت (وجوههن) تاوەکو بەتەواوی سنووری زمان تێك بشکێنین)، ئامانجیش لە سەرجەم ئەمانە فراوانکردنی ئاسۆ و شکاندنی قاڵبە زەینییە هۆشەکییە بەستەڵەکیەکان نییە، کە هەر ڕەگەزێك لە ڕوانگەیەوە لەگەڵ ئەوی تردا هەڵسوکەوت بکات و تیایدا بەندی بکات، بەڵکو لە کرۆك و ناوەڕۆکدا لێدانی بیری پێوەرێتی و مرۆییانەی هاوبەشە تاوەکو هەموو یەکسان بن. لەوانەیە زانستی نوێ، بەو "پێشکەوتنە" سەرسوڕهێنەرانەی بەدەستی هێناوە لەم بوارەدا یارمەتیدەر بێت بە شێوەیەك پیاو بتوانێت کەپسولێکی بەسەنتەرکردنی مێینە بخوات و هەمان هەستی مێینەیی بۆ دروست ببێت و لە ناوەوەش بەتەواوەتی پێی یەکسان بێت و ئافرەتیش لەولاوە کەپسولێکی بەسەنتەرکردنی نێرینەیی بخوات و هەمان هەستی پیاوی بۆ دروست ببێت و لە ناوەوەش بەو پێیە بگۆڕێت.

بزاڤـی ئـازادکردنی ئافرەتـان لـە کۆتـایی و دواشـیکاریدا، وەهـا دەبینێت مرۆڤایەتییەکی هاوبەش لەنێوان هەموو مرۆڤێکدا هەیـە، بـە پیـاو و ئافرەتـەوە، و ئـەم زەمینـە بەرفراوانـە هاوبەشـەی نێوانمـان دەبێتـە ئـەو بناغەیـەی کـە لەسـەری پـەیڤین دەکـەین و ئـەو چوارچـێوەیەی لەناویـدا بـۆ بـەدیهاتنی یەکسـانیی توێژینـەوەی تێـدا ئەنجام دەدەین. هەر بۆیە دەکرێت پیاو بچێتە پاڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی ئافرەتانەوە، پەیڤین بکات سەبارەت بـە ئـەو داواکارییانـەی دەخرێنـە ڕوو بـۆ دەسـتەبەرکردن و جێبـەجێکردنی دادگـەری بـۆ ئافرەتـان. هـەروەها دەکرێـت کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی بـە نێـر و مێـوە بنیـاتی بەرنامەیـەك بنێـت بـۆ چاکسـازی بـەو ئاڕاسـتەیەدا، هـەر وەك چـۆن دەکرێت هەریەکە لە پیاوان و ئافرەتان پشـتگیری بکـەن و پشـتیوانی بن.

بـەڵام بزاڤـی بەسـەنتەرکردنی مێینـە نکـۆڵی لـە مرۆڤایەتییانـەی هاوبەش دەکات، هەر بۆیە ناکرێت پیاوان بچنە پاڵی، پیاو بەو پێیـەی پیاوە ناتوانێت هەست بە شعوورەکانی ئافرەت بکات، هـەر وەك پیـاو گوناهبـارە و تـاوانی مێـژوویی نێرینـەیی و باوکسـالاری لـە ئەسـتۆ دەگرێـت، لەگـەڵ ئـەوەی خـۆی دروسـتی نـەکردووە و دەسـتی تێیـدا نەبووە. لە هەمان کاتدا بزاڤـی بەسـەنتەرکردنی مێینـە جیـاوازی ڕەت دەکاتـەوە، لێـرەوەش بوارێـك نابێـت بـۆ جۆراوجـۆرێتی و بـوونی مرۆڤایەتییەك بەو پێیەی ناسیومانە.

لەبەر هەموو ئەمانە بەرنامەیەکی چاکسازی لەلایەن بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینەوە بەدی ناکرێت و هەوڵێکی جیددییشیان نییە بۆ جێبەجێکردنی یەکسانیی نێوان پیاو و ئافرەت یان گۆڕینی یاساکان یان ناوکۆی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی مرۆییانەی ئافرەت بەو پێیەی دایك و ژن و کچە و ئەندامێکە لە خێزانێك یان کۆمەڵگەدا.

ئەگەر بەرنامەیەکی وەهاش هەبێت بۆ چاکسازی، دەبینین لە چوارچێوەیەکی لێکهەڵوەشاندن و تەفکیکیی وەهادا دەبینرێت کە ئامانجی چالاك و بەتواناترکردنی ئافرەتە بۆ کردەی ململانێی لەگەڵ پیاودا یان یەکسانکردنی بە پیاو، واتە لە سەرجەم حاڵەتەکاندا جۆرێك لە نکۆڵیکردنی مرۆڤایەتییانەی هاوبەش دەبینرێت. هەر بۆیە بەرنامەی چاکسازی (ئەوان) بریتییە لە بەرنامەیەك کە ئامانجی گۆڕینی سرووشتی مرۆیی و ڕێڕەوی مێژوو و هێما و زمانەکانە.

## حەوتەم: بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینە و زایۆنیەت:

لەو کاروبارانەی شاییستەی تێڕوانین و بیرکردنەوەیە ئەوەیە کە چەندین خاڵی لێکچوو و ڕوون لەنێوان بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینە و بزاڤێکی مادیی ئیمپریالیی تردا هەیە، کە ئەویش بزاڤی زایۆنیەتە، کە نکۆڵی لە بوونی مرۆییانە و ئینسانیەتێکی هاوبەش دەکات و زۆر بوێرانە مرۆڤ دابەش دەکات بۆ جوولەکە و ئەوانەی جوولەکە نین، هەر وەك باوەڕیان وەهایە ئەوانی تر (هەموو ئەوانەی جوولەکە نین) تاوانی مێژوویی تەنگپێهەڵچنینی بەردەوامی (هەموو جوولەکەکانیان) لە ئەستۆدایە. لەگەڵ هەوڵی دابڕاندن و گۆشەگیرکردنی ئەوانەی ترن لە جوولەکە بەتەواوی، بە ڕادەیەك کە هیچ کەسێك ناتوانێت هەمان هەستی ئەوی تری هەبێت، هەموو مرۆڤێك دوورگەیەکی داخراوە، تەنها پێویستی بە خۆیەتی و خۆیشی مەرجەعیەتی خودی خۆیەتی.

لێرەوە جوولەکە هەر خۆیان، بەتەنها خۆیان بە گۆشەگیری و پاك و بێگەردی و تاکانە و ئەشکەنجە و ئازارەکانی خۆیانەوە ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە و کەسیش لەمەدا بەشدارییان ناکات، جوولەکە گەلێکی هەڵبژاردەن مۆرکی تایبەتی خۆیان هەیە و خاوەنی چەندین مافی ڕەها و پەیامی نەمر و ئازادیی تایبەتن، جوولەکە جێی چارەسەر و نهێنییەکانە و مەرجەعیەتی خودی خۆیەتی و لەخۆیەوە پێوەرێتی وەردەگرێت.

جوولەکە گەلێکە باری هێمن و هێدی نابێت تا نەگەڕێتەوە بۆ سەر زەویی پێشینانی (لە فەلەستین)دا، ئا لەوێدا دەتوانێت بە مافە

ڕەهاکانی شاد بێت، هەر بۆیە بزاڤی زایۆنی هیچ کۆششێك ناکات، لە هەوڵدان بۆ بەرگریکردن لە مافە مەدەنی و سیاسی و ئایینییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگەی جوولەکەکان لە کۆمەڵگاکانیاندا.

وێنەی ئەم کۆششانە (کە لە باوەڕ بە مرۆییانەی هاوبەشەوە هەڵدەقوڵێت و دەکرێت هەموو بەرگریکارێکی داکۆکیکەر لە مافەکانی مرۆڤ و هاوسۆزێکی لانەوازان پشکی تێیدا هەبێت) لە زەمینەی واقیعدا، بێئومێدکردنی پرۆژەی زایۆنیزمە کە دەیەوێت کۆتاییەك بۆ مێژووی جوولەکە لە هەندەران دابنێت و جوولەکەکان کۆچ پێ بکات بۆ فەلەستین بۆ ئەوەی هەستن بە بەرپاکردنی ئەزموونێکی تەواو نوێ کە لە دەرەوەی چوارچێوەی مێژووی جوولەکایەتی‌دا بێت. کە ئەویش ئەزموونی دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەرییە.

لەم چوارچێوەیەدا بزاڤی زایۆنیزم هەوڵەکانی بەچڕی ئاڕاستە دەکات تاوەکو جیاوازیی نێوان جوولەکە و ئەوانەی جوولەکە نین قووڵتر ببێت بۆ ئەوەی ئەدای جوولەکە لەم کردەی ململانێیەدا بەچاکی ئەنجام بدرێت و لە کۆمەڵگەی ناجوولەکەدا داڕنرێت و "بگەڕێتەوە" بۆ فەلەستین پاش دابڕانێك کە ماوەی دوو هەزار ساڵی خایاند.

لەم چوارچێوەیەدا دوژمنانی سامیەت (واتە دوژمنانی جوولەکە) دەگۆڕدرێن بۆ "ڕاستگۆترین هاوەڵمانن" (بەپێی وتەی دامەزرێنەری بزاڤی زایۆنیزم تیۆدۆر هرتزل).

با لێرەدا سەرنجی هەندێك دوالیزمەی سەخت و چەسپاو (الثنائیات الصلبة) بدەین: جوولەکە دژ بە ناجوولەکەیە — گەلێکی ئەشکەنجەدراو لە هەموو جێگایەك لە بەرامبەر گەلێکی هەڵبژاردە— گەلێك هیچ مافێکی نییە لە بەرامبەر گەلێکدا خاوەن مافی ڕەهایە.

لە هەمان کاتدا سەرنجی ئەوەش دەدەین ئەم دوالیزمە چەسپاوە دەگۆڕێت بۆ تاکڕەهەندییەکی زایۆنیزمیی چەسپاو لە دەوڵەتی زایۆنیزمیی سەربەخۆدا، دەوڵەتی پوختی جوولەکە، کاتێك هاووڵاتییە جوولەکەنشینەکان تەنها خۆیان خاوەنی مافە ڕەهاکانن و عەرەبەکانیش خۆیان لە کۆمەڵگە پەناهەندەکانیش دەبیننەوە و لەوێشدا بە ناوی بەرگری لە خودی جوولەکایەتیی پوختەوە بۆمبیان بەسەردا دەبارێت!

بەڵام هەر وەك باوی هەموو بزاڤە ماددییەکان یەکڕەهەندیی ئیمپرالیی دوالیزمە و یەکڕەهەندیی چەسپاو دەگۆڕێت بۆ تاکڕەهەندیی ناجێگیر، ئەو زایۆنیزمەی کە جەخت دەکاتەوە لەسەر مافە ڕەهاکانی و تاکانەیی تەواوی جوولەکە و هاوکاری لەگەڵ ناجوولەکەکاندا پەسەند ناکا، وەها دەبینێت بوونی جوولەکە لە هەندەران و دەرەوەدا "بارێکی ناسرووشتییە" واتە ئەوەی تاکانەیەکە دەگۆڕێت بۆ ناوازە (شاز).

هەر بۆیە زایۆنیزم ڕای وایە هەر دەبێت جوولەکە "ئاسایی بکرێتەوە"، واتە بگۆڕدرێن بۆ چەند بوونەوەرێکی سرووشتی، کە لە دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئاساییدا بژین، هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ

گەلانی تردا نەبێت. کار گەیشتۆتە ئەوەی ئـەو بزاڤـی زایۆنیزمـەی کـە بانگەشەی مافە ڕەهاکـانی جوولەکـە و سـەروەریی ڕەهـای دەوڵـەت و مۆرکەکانی جوولەکایەتیی کۆمەڵگایان دەکـرد هەسـتان بـە بنیاتنـانی دەوڵەتێکی خاوەن ئاڕاستەی ئەمەریکیی ڕوون لە جیهانی سیاسـەت و ڕۆشـنبیریدا و بـە شـێوەیەکی نیمچـە تـەواویش پشـت بـە هاوکارییـە ئەمەریکییە ناجوولەکەکان دەبەستن!

ئەمـە هـەمان ئـەو شـەقڵانەن کـە لـە بزاڤـی بەسـەنتەرکردنی مێینـەدا دەیبینین، لە لایەکەوە جەختکردنەوە هەیـە لەسـەر تاکانـەیی جوولەکـە و دوژمنایەتیی ناجوولەکەکان بۆیان، کە ئەمەش زۆر جیاوازیی نییـە لەگـەڵ ئاڕاستەی بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینـە سـەبارەت بـە ڕاگەیانـدنی جـەنگ دژ بە پیاوان، لە لایەکی ترەوە هەوڵی چـالاکانەی ئـاوێزانبوونی جوولەکـە بـە جیهـانی ناجوولەکـەکان و تواندنـەوەی تیایانـدا، زۆر جیـا نییـە لـە هەوڵدانی مێینە بۆ تواندنەوەی لە پیاودا و بەدەرکەوتنی uni-sex.

جیهانی ڕۆژئـاواش کـە پشـتگیریی دەوڵـەتی زایـۆنی دەکـات و (لـە هـەوڵی هەڵوەشـاندنەوەی جیهـانی عـەرەبی و ئیسـلامیدایە لـە ڕووی سیاسـی و ژیاریـیەوە) بـە هـەمان هێـز پشـتگیریی بزاڤـەکانی بەسـەنتەرکردنی مێینـە دەکـا لـە وڵاتەکانمانـدا (لەوانەیـە چـالاکیی سـەفارەتی هۆڵەنـدی لـە قـاهیرە لـەم ڕووەوە نموونەیـەکی ڕوون بێـت لەسەر ئەمە و شایستەی توێژینەوەی زیاترە).

جیهــانی ڕۆژئــاواش لــە کــردەی ڕووبەڕووبوونــەوەی ســەربازیی ڕاستەوخۆیدا لەگەڵ جیهانی سێ شکستی هێنا و دەریـش کـەوت ئـەم ڕووبەڕووبوونەوەیە زۆری تێدەچێت و دووررودرێژە و لـە توانایـدا نییـە، هەر بۆیە هەڵوەشاندنەوەی تاکە بەدیلی عەمەلییە.

هەروەها جیهانی ڕۆژئاواش هەستی بەوە کرد کـە سـەرکەوتوبوونی جیهــانی ســێ لــە بەرگریکردنیــدا دەگەڕێتــەوە بــۆ جۆشــداری و پێکداچـوویيان، کـە ئەمـەش بـە ڕۆڵـی خـۆی دەگەڕێتـەوە بـۆ بـوونی بنیـاتێکی خێزانیـی بـەهێز، کـە تـاوەکو ئیسـتەش بەتوانایـە لەسـەر گەیانـدنی مەنزوومـە بەهاییـەکانی و تایبەتمەندییـە نەتەوەییـەکان بـۆ نەوەکانی کۆمەڵگا، لە دوای ئەوەش دەتوانن لەم ڕێگەیەوە پارێزگاری بکـەن لـە یـادەوەریی مێـژووییان، هۆشـیاربوونیان بـە ڕۆشـنبیری و ناسنامە و بەهاکانیان درێژە پێ بدەن.

بێگومان ئەمەش واتای ڕووبەڕووبوونەوەی کردەی بەجیهانیبوونە، کە ڕێنیشاندان و تەرشیدی هەموو کۆمەڵگاکانە (لە چوارچێوە ماددییە ڕۆژئاواییەکەدا) بە شێوەیەك جیهـان لـە کۆتـایی و دوا شـیکردنەوەیدا ببێتە یەك بازاڕی ساز و گونجاو کە ملکەچە بۆ یاساکانی خستنەڕوو و خواستی ماددی، بە شێوەیەك خودی مرۆڤ و شمەکەکان لە یەك بواری خزاو و لووسدا دەجووڵێن. بـەبێ بەربەسـت یـان سـنوور یـان چـەندان مەنزوومەی بەهایی وەها کە ڕێگر بێت لەم جووڵە و بزاڤە.

جا ئەگەر خێزان خشتی بناغەیی بێت لە کۆمەڵگەدا، ئەوا لە ڕاستیدا دایك ئەو خشتە بناغەییەی خێزانە، لێرەوە سیستەمی نوێی جیهانی جەخت لەسەر دۆزەکانی مێینە دەکاتەوە. گوتاری بەسەنتەرکردنی مێینەش گوتارێکی هەڵوەشێنەرەوەیە و حەتمییەتی ململانێی نێوان نێر و مێ و زەروورەتی دانانی کۆتاییەك بۆ مێژووی نێرینەیی باوکسالاری ڕادەگەیەنێت و باس لە بەرایی و سەرەتای ئەزموونێکی بێیادەوەریی مێژوویی دەکات، ئەمەش گوتارێکە ئامانجی دروستبوون و پەرەپێدانی ڕاڕایی و تەنگی و بێزاری و نائارامییە لە دەروونی ئافرەتدا لە ڕێگەی دووبارە پێناسەکردنیەوە بە شێوەیەك پێی ڕادەگەیەنێت کە ناکرێت ناسنامەی خۆی بەدەست بهێنێت، مەگەر لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزاندا. جا کاتێك ئافرەت لە خێزان پاشەکشەی کرد، ئەوا خێزان دادەخورێت و بێنرخ دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا گرنگترین قەڵای بەرگری دژ بە هاتنەناوەوەی داگیرکاری و هەژموونی ڕۆژئاوایی و گرنگترین دەزگایەك کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە یادەوەرییە مێژوویی و ناسنامە نەتەوەیی و مەنزوومە بە هاییەکانی کە مایەی پاراستنێتی لەدەست دەدات.

بەمەش سیستەمی نوێی جیهانی لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەوە سەرکەوتوو دەبن لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە سیستمی داگیرکاریی کۆن لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆوە شکستیان تێیدا هێنا.

## هەشتەم: گەڕان بەدوای جێگرەوە (البديل)[1]دا:

باشترە بۆمان توێژینەوەی دۆزی ئافرەت لەنێو بازنە مێژوویی و مرۆییەکاندا بکەین، بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەین کە گرفتی ئافرەت گرفتێکی مرۆییانەیە و شەقڵی تایبەتی خۆی هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا گەرەکە تۆزێك پاشکۆیەتی ئیدراکی لە خۆمان بتکێنین و بەدوای چارەسەری گرفتەکانماندا بگەڕێین و لە نموونەی مەعریفیی خۆمان و مەنزوومەی بەها و ڕەوشتەکانمان هەڵی گۆزین و لە باوەڕبوونمان بە مرۆڤایەتی هاوبەشمانەوە بەدی بهێنین. کە ئەوانە چەند مەنزوومەیەکن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە پێش تاکەوەیە (بەتەواوەتی هەر وەك چۆن مرۆڤ پێش (سرووشت/ماددە) دەکەوێت).

بۆیە لە جێی باسکردن لە "مافەکانی مرۆڤ" ئەو مرۆڤە سرووشتییەی کە ڕۆسۆ باسی دەکات و بەپێی یاسا سرووشتییەکان دەژی و ناچارمان دەکات باس لە "مافەکانی ئافرەت"ی تاك بکەین و پاشان لە دواییدا "مافەکانی منداڵ"ی تاك، باشترە بۆمان باس لە "مافەکانی خێزان" بکەین وەك خاڵێکی سەرەتایی، کە پاشان و دواتر لقوپۆپی مافەکانی تاکی لێ دەبێتەوە، کە ئەو خێزانە پێك دەهێنن، واتە بە هەموو دەست پێدەکەین (مرۆڤی کۆمەڵایەتی) پاشان بەشەکانی تر کە (تاکێتی)یە بە دوایدا بهێنین.

---

[1] ئەڵتەرناتیف وەك وشەیەکی بیانی و وەرگیراو بۆ (بدیل) عەرەبی بەکاردەبرێت .وەرگێڕ.

ئەگـەر دوای ئـەم ڕێوشـوێنە بکـەوین و خێـزان بکەینـە خـاڵێکی سەرەتا و یەکەیـەکی شـیکاری، ئـەوا بـاس لـە "سـەلماندنی خـود بـە شـێوەیەکی ڕەهـا" دەبێتـە مەسـەلەیەکی فرێـدراو و ڕەتکـراوە و هەزمنـەکراو، لـە بەرامبـەردا دەبێـت بـاس لـە "سـەلماندنی خـود لـە چوارچێوەی خێزان"دا شوێنی بگرێتەوە.

هەروەها لە بـری باسـکردن لـە "ئـازادکردنی ئـافرەت" بـۆ ئـەوەی "خـودی خـۆی بسـەلمێنێت" و چـێژ و خۆشـییەکانی بـەدی بهێنێـت، لەوانەیە بەکەڵکتر ئەوە بێت کە خوێندنەوەی دەوروبەرمان بکـەین بـۆ ئەوەی ئەوە بدۆزینەوە کە قـەیرانی ئـافرەت لـە ڕاسـتیدا بەشـێکە لـە قەیرانی مرۆڤی هاوچەرخ، کە لەو بزاوتە زەبەلاحەوە هەڵدەقوڵێت کـە پەیوەستە بە زیادبوونی تێکڕای بەکاربردنەوە و ڕەنگـی داوەتـەوە لـە ئاوازی ژیانی نوێمانـدا. هـەر وەك لـە بـوونی ئـەو چـەندان هەڵبژاردنـە بەکاربراوە لەژمارەنەهاتووانەوە سەرچاوەی گرتووە کە چواردەورمانی تەنیوە و جووڵەمانی سنووردار کردووە.

لە ڕاستیدا توێژینەوەیەکی لەسەرخۆ ئـەوەمان بـۆ دەردەخـات کـە گرفتەکـە لـەوەوە سەرچـاوە دەگرێـت کـە پیـاو بەتـەواوەتی بـە شێوەیەکی زیادڕەوانە و پەڕگیرانە "مۆدێرنە کراوە" و بەتەواوی لەناو ئەو بزاوتە بەکاربراوە سەرکوێرییەدا لەخۆ گیراوە و جێگەی بووەتەوە بە شێوەیەك بەدیلەکانی پێش دەستی زۆر زیـاترە لـەو بەدیلانـەی کـە خراوەتە بەردەستی ئافرەت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم بزاوتە بەکاربەرە

پەرگیرییە (الاستهلاکیة المتطرفة) یەکێکە لە هۆکارەکانی قەیرانی مرۆڤی نوێ، لەوانەیە باشتر و ژیرانەتر ئەوە بێت بانگەشە بۆ "ئازادیی ئافرەت" نەکەین و هەوڵ نەدەین ئەویش فڕێ بدەینە جیهانی بازاڕ و بزاوتی بەکارییەوە، لە جێی ئەوە داوای کۆتوبەندکردنی پیاو یان کەمێك سنووردارکردنی بکەین و هەندێ لە جووڵە نابەجێکانی کەم بکەینەوە، بە شێوەیەك جووڵەی لەسەرخۆتر بێت و کەمێك دابڕنین لە جیهانی بازاڕ و بەکاربردن و بەمەش ئاوازەکەی ساز دەبێت لەگەڵ ئاوازی خێزان و سنووری مرۆڤایەتی هاوبەشمان.

لەم ڕوانگەیەوە دەبێت پیاو جارێکی تر فێر بکرێتەوە بە شێوەیەك هەندێك لێزانینی باوکایەتی و ژیان لەنێو خێزان و کۆمەڵدا بەدەست بهێنێت، چونکە مرۆڤی نوێ لەگەڵ داخورانی خێزان و بزاڤی زیادەڕۆیانەی بواری گشتیی ئەم لێزانینانەی ون و لەبیر کردووە. بەم ڕێگەیە لە توانای پیاودا دەبێت بەشداریی پێگەیاندنی منداڵ بکات و لە نزیکەوەش ئاشنای ئەو کۆششە بێت کە (ئافرەت وەك دایك) ئەنجامی دەدات، ئیتر دەکرێت لێرەوە مرۆڤبوونی هاوبەشمان جارێکی تر تەئکید لە بوونی خۆی بکاتەوە.

ئەمەش ستراتیژیەتێکە زۆری جیا نییە لە ستراتیژیەتی کۆمەڵەکانی داکۆکی لە ژینگە و ژینگەپارێزی (سەوز)، ئەوان داخوازییان ئەوەیە مرۆڤی ڕۆژئاوایی کەمێك لە گەرمی و گوڕوتینی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان کز بکات و کەمێك خۆ داڕنن لە ئایدۆلۆژیای پێشکەوتن و داگیرکاری و

بەدەستهێنان و بەرهەمهێنان و لە جێی ئەوە ئایدۆلۆژیای پێکەوەهەڵکردن و هاوسەنگی لەگەڵ سرووشت و خود و تێرکردنی پێداویستییە سەرەکییە مرۆییەکان جێی بگرێتەوە، بە شێوەیەك ئاوازی کۆمەڵگە ساز و گونجاو بێت لەگەڵ ئاوازی مرۆڤدا.

لەوانەیە سوود و کەڵك لەوەدا بێت باس لە (مافی ئافرەت نەکەین لە کارکردندا) (واتە کار بکات لە بواری ژیانی گشتی لە بەرامبەر کرێدا) واتە کارێکی بەرهەمهێنی ماددی کە سەر دەکێشێت بۆ بەرهەمێکی ماددی (شمەك و خزمەتگوزارییەکان). بەڵکو دید و تێڕوانینی خەڵکی داڕێژینەوە، بە شێوەیەك پێناسەیەکی تری کار بکات و کار ببێتە (کارێکی مرۆیی) واتە لە ڕووی مرۆییەوە بەرهەمهێن بێت (بەمەش جەخت دەکەینەوە لەسەر لەپێشێتی مرۆیی بەسەر ماددی و سرووشتیدا). لێرەوە دایکایەتی دەبێتە "گرنگترین کاری بەرهەمهێن" دەی (چی لەوە گرنگترە منداڵێکی سرووشتی بگۆڕی بۆ مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی؟) لەم دیدەوە ئافرەتی کارای ماڵ کەمتر هەست دەکات بە نامۆیی و بێنرخکردنی کارەکەی و پیاویش زیاتر ڕێزی لێ دەگرێت و خەڵکیش واز لەو قسەیە دێنن کە ئافرەتی کارای ماڵ کار ناکات، وەك ئەوەی سکرتێرەی یەکێك لە کۆمپانیاکانی هەناردە و هاوردە یان کۆمپانیایەکی گەشتوگوزاری گرنگ و بەنرختر بێت لە پێگەیاندنی منداڵ! .

لەوانەیــە بەمــە چــەندان ڕێگــای نــوێ بدۆزینــەوە بــۆ ســەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی خێزانێکی پانوپۆڕ، بـە شـێوەیەك ئـارامی بـۆ مـرۆڤ بەدی بێنێت لەنێو شاری نوێ و هاوچەرخی ڕێگا پڕ لە هەوراز و ئاوازە ترسێنەرەکاندا، وەك ئەوەی بچین گەشە بە جۆرێك لە بیناسازیی وەها بدەین کە دراوسێیەتی چالاکتر بکات وەك دەزگایەکی ناوەندگیر کە لە پیشەکەیدا بە خێزانێکی پانوپۆڕ بچێت.

دەکرێت بگەینە کارێکی ڕۆژانەی وەها کە بگونجێت پارچەپارچـە و بەشبەش بکرێت تا لەگەڵ دەزگای خێزانـدا بسـازێت و دژ نەوەسـتێت لەگەڵ هەوڵەکانی ئافرەت لەوەی هەستێت بە ڕۆڵی خـۆی وەك دایـك و ژنێـك، بــەڵکو دەکرێــت خــودی بوارەکــانی ژیــان و جێگــەی کــار بــە شێوەیەك ڕێك بخرێت لە نێویدا بواری مرۆیی بسازێنرێت.

دەشتوانین ئابووریی خێزان جارێکی تر ببوژێنینەوە (بە ئینگلیزی: فامیلی ئیکۆنۆمی Famil economy) کە توانا و لێوەشاوەیەتیی خۆی سەلماندووە لەسەر بەردەوامێتی و بەرهەمدارێتی باش و بـاڵا لـە کۆمەڵگا نوێیەکاندا، ئەوانەی کە پێیان دەوترێت "پێشـکەوتوو"جا لـە یابان بن یان وڵاتە یەکگرتووەکان، بەڵام ئەوەی جێی گرنگیپێدانمانـە ئەوەیە کە ئەمەش شێوازێکە لە شێوازەکانی بەرهەمهێنانێکی وەها کە خێــزان ناپووکێنێتــەوە و هــەڵی ناوەشــێنێت و دەکرێــت ئــافرەت بەشداریی تێـدا بکـات بـێ ئـەوەی ناسـنامەی خـۆی وەك و هاوسـەر و وەکو دایك لەدەست بدات. هەروەها دەکرێت گەشـە بـە سیسـتەمێکی

فێرکـاریی نـوێی وەهـا بـدرێت کـە بگونجێـت ئـافرەت فێـر ببێـت و بەردەوامیش بێت لە زانست وەرگرتندا بێ ئەوەی لە ناخیدا ڕاڕایـی بـۆ دروسـت بکـەین لـە نێـوان حـەزێکی باشـی فێربـوون و هەوادارییـەکی گەردوونی بۆ دایکایەتی.

ئەم پێشبینییە بەراییانە ئامانجی کەمکردنـەوەی ئـەو بارقورسـییە دەروونیەیـە کـە لـە دایکایەتییـەوە سـەر هەڵـدەدات و ڕزگـارکردنی ئافرەتە لە هەندێك لەو بارقورسییە لاشـەییەی لـە ماڵـدا بـۆی دروسـت دەبێـت، بـە شـێوەیەك بـوارێکی تایبـەتی بـە خـۆی برەخسـێنین کـە بتوانێت بواری مرۆییانەی خۆی تیادا پیادە بکـات، بـێ ئـەوەی ناچـار بێت بە تێکدانی خێزان و بێ ئەوەی سەلماندنی خودی مەرجدار بکـات بە وازهێنانی لە خێزان و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی.

هەروەها پێویستە هاوکات لەگەڵ ئەمەدا توێژینەوەیەکی جیددی و قووڵ و ڕەخنەیی و داهێنانکاری ئەنجام بدرێت بۆ دیاردەی ئـازادکرنی ئافرەت لە ڕۆژئاوا و لەنێو چوارچێوەی ڕێنمـوونی وتەرشـیدی مـادی و لـە بازنـەی فیکـری مـادی ململانێکـاری تاکڕەهەنـدیی چەقبەسـتوو بـەدەوری مێینـەدا. هـەر بـۆ نموونـە دەکرێـت توێژینەوەیـەك بکـەین سـەبارەت بـەو گرفتانـەی لـە داخـورانی خێزانـەوە سـەر هەڵـدەدەن و تێچوونە کۆمەڵایەتی و مادد‌ییەکانی بخەینە ڕوو.

لە یەکێك لە توێژینەوەکاندا خوێندمەوە کە پاشەکشەی ئافرەت لە خێزان و ئیستیعابکردنی لەنێو ئامرازەکانی بازاڕ و بزاوتی بەکاربەری و

گۆڕینی بۆ "وزەیەکی کارا" لە بواری ژیانی گشتیدا و هەروەها لە "یەکەیەکی بەرهەمهێنان"ی بازاڕی کاردا سەر دەکێشێت بۆ نامۆبوونێکی زۆر لای منداڵان، بە شێوەیەك کە دەیانکات بە چەند ڕەگەزێکی وێرانکەر. کۆلەری خاوەن توێژەرینەوەکە وا دەبینێت کە کردەکانی تێکدانی دەستئەنقەستی خوێندنگاکان (School vandalism) چەندەها بلیۆن دۆلاری تێدەچێت و ئەمەش بەتەواوەتی پەیوەستە بە دیاردەی نەمان و ونبوونی دایك. هەروەها دەکرێت حسابی ئەو زیانە دەروونییانەی منداڵ، کە گونجاوە لە ڕووی ماددییەوە وەرگێڕینە سەر ژمارە، ئایا دەکرێت بەرزبوونەوەی ڕادەی تەلاق ببەستینەوە بە ڕادەی پاشەکشەی ئافرەت لە خێزان و لە ڕۆڵی دایکایەتی؟ (جیابوونەوە و تەلاق لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا چەندان بلیۆن دۆلاری تێدەچێت)، هەر وەك زانراویشە کۆمپانیاکانی دابینکاری (شرکات التأمین) بەشەکانی دابینکاری (أقساط التأمین) لەسەر ئەو کەسە هەڵدەگرێت کە جیا بووبێتەوە، چونکە ئەم جۆرە کەسانە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆرتری ڕووداو لە ژیانی ڕۆژانەیاندا .

لێرەشدا دەکرێ ئاماژە بەو دیاردەیە بکەین کە بە دیاردەی (بەمێینەکردنی هەژاری – تأنیث الفقر) ناو دەبرێ (Feminization of poverty) ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی ناسراو، وەها دەردەکەوێت ئەم دیاردەیەش

دەرهاویشتەی بازنەی ئازادیی نێوان ئافرەت و پیـاوە، پیاوێـك لەگـەڵ ئافرەتێك دەژییێت و بە شێوەیەکی ئاسایی منداڵێك یان دوو منداڵی لـە پیاوەکـە دەبێـت، بـێ ئـەوەی پەیوەنـدیی خێزانـداریی پێکـەوەی بەستبێتن. لە پاش ماوەیەکی کورت یان درێژ پیاوەکە تووشی بێـزاری دەبێـت و جـەنگ و شـەڕ لـە نێـوان هـەردوو لادا بـەرپا دەبێـت و پیاوەکەش بڕیـاری ئـەوە دەدات "خـودی بسـەلمێنێت" لـە دەرەوەی چوارچـێوەی خێزانـدا و شـتومەکەکانی هەڵـدەگرێت و دەڕوات، ئافرەتەکـەش کـە دایکـە بـە تـەنها جـێ دەهێڵێـت بـۆ چـاودێریکردنی منداڵەکان. ئەمیش بارقورسییە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی زیاد دەبێـت (بـا پیـاو نەفەقـەش بـدات) لەولاشـەوە پیـاوان خۆشـی و بزاوتە بەکاربەرییەکانیان زیاتر دەبێـت، واتـە بەمێیینـەکردنی هـەژاری بـەدی دێـت، دەشـکرێت ئـەوەش زیـاد بکـەین کـە هـەوڵی دەروونـی و بێزاری و بێتاقەتی جەستەییش بەمێینە کراوە.

لەوانەیە ئەمەش لە گرنگترین هۆکارە سۆسیۆلۆژییەکانی زیادبوونی ڕادەی هاوڕەگـەزبازیی ئافرەتـان بێـت لـە کۆمەڵگـە ڕۆژئاواییەکانـدا، چونکە ئەمە چارەسەری زەروورەتی بەتاڵکردنـەوەی وزەی سێکسـیی ئافرەتە بێ ئەوەی بچێتە پەیوەندییـەکی بەردەوامـەوە لەگـەڵ پیـاودا کە دەیخاتە باری تیاچوون و هەژاری و ئازار و دابڕانەوە.

هەروەها دەکرێت توێژینەوەی بەرهەمداری کۆمـەڵگا بکـەین وەکـو هەموویەك لە چوارچـێوەی دەرچـوونی ئـافرەت بـۆ کـار لـە مەیـدانی

ژیانی گشتی لەبری کارکردن لە مەیدانی  ژیانی تایبەتیدا. هەندێك توێژینەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرهەمداریی کۆمەڵگا لەسەر ئاستی گشتی و فراوان (الماکرو) زیاد دەبێت لەگەڵ ڕۆڵبینینی ئافرەت وەکو ژن و دایك، چونکە ئافرەت هەڵدەستێت بە پەروەردەکردنی منداڵەکان بە پەروەردەیەکی چاك و دواتریش دەبنە ئەندامێکی بەرهەمدار لە کۆمەڵگادا، هەروەها لە ترس و بیمی کۆمەڵگا هێدیی دەکاتەوە: مێرد و کوڕەکان کاتێك لە بواری ژیانی گشتی دەگەڕێنەوە و هەمووان هاوسەنگییان بۆ دەگەڕێتەوە و بەرهەمدارییان زیاتر دەبێت.

هەندێ توێژینەوەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دڵەڕاوکێی ئافرەت لە زیادبووندا دەبێت سەبارەت بە شوناس و خودی خۆی کاتێك پیشە و پلەوپایەی خۆی وەکو دایك و ژنێك لەدەست دەدات، ئەم دڵەڕاوکێیە وەڵامدانەوەیەکی زۆر سەلبی دەبێت بۆ سەر تەندروستیی دەروونیی ئافرەت و سەلماندنی خودی خۆی، هەر ئەمەشە سەر دەکێشێت بۆ هەوڵدانی ئافرەت تا بە شێوەیەکی زۆر ناشایستە خۆی بە پیاو بچوێنێت و بە (uni-sex) دەربکەوێت.

هەروەها پێویستە لە هەر پرۆژەیەکی ئابووریی بەرهەمهێناندا کاریگەریی ئەو کارە لەپێشچاو بگرین لەسەر بنیاتنانی خێزان و ڕۆڵی ئافرەت وەکو دایك، ئێستاکە قسەکردنێکی "جیهانی" هەیە سەبارەت بە کردنە کەرتی تایبەت "خصخصة"ی بوارەکان، هیچ کەسیش توێژینەوەی لەسەر شوێنەواری ئەم پرۆسەیە نەکردووە لەسەر ئێمە

وەکو مرۆڤ و تێچوونە مەعنەوی و مادديیەکانی (لەگەڵ ئەوەی تێچوونە مەعنەوییەکەش پاش کەمێك خۆی وەردەگێڕێنە سەر تێچوونێکی ماددی کە دەکرێت دوای هەندێك کۆشش چەندێتییەکەی دیاری بکرێت).

لەو بڕوایەدام کردنە کەرتی تایبەتی بێبەند کاریگەرییەکی ڕووخێنەری هەیە لەسەر خێزان و لەسەر ئافرەت، خەسخەسە: لە واقیعدا فراوانکردنی بواری بازاڕ و ئامرازەکانی خواست و خستنەڕووە و تا هەموو شتێك قووت بدات.

هەر وەکو پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێت کە پێویستە ڕووبەڕووی زۆرێك لەو پڕۆژانە ببینەوە کە پێیان دەوترێت پرۆژەی گەشەپێدان و بانکی نێودەوڵەتی دەیسەپێنێت و لە واقیعی حاڵدا مەبەستی داڕووخان و تێکدانی دەوڵەتی نەتەوەیی و دەزگای خێزانە کە بە دیدی ئەوان گەورەترین کۆسپی گەشەکردن و "پەرەپێدانە" (واتە پێشکەوتنی ماددی بە چاوپۆشین لە نرخ و بەها مرۆییەکان هەرچەندە ناشایستەش بێت).

هەمان شت پیادە دەبێت بەسەر هەندێ لەو یاسا و تەشریعانەی کە هەندێ ڕێکخراوەی "نێودەوڵەتی" دەری دەکەن و لە چوارچێوەی ئەقڵیەتی بازاڕی ئازاد و خەسخەسەی تەواوی هەموو شتێکدا دەخولێنەوە، لەناو ئەمانەشدا لاشە و ڕۆح و ویژدانی مرۆڤ. پێویستە لەسەرمان سوود لە لێزانین و هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان وەربگرین،

به مەرجێك نەبێتە نوێڵی ڕووخاندن و بناغەی كۆمەڵگاكەمان لەبەر یەك هەڵوەشێنێت.

هەر لەم میانەیەشدا چەندان توێژینەوەی تر هەیە كە تایبەتمەندییەكانی ئافرەت ڕوون دەكەنەوە لە ڕووی توێكاری و وەزیفەی بایۆلۆژییەوە، پەیوەندیدارە بە پێكهاتەی كەسێتی و شوناس و ئاواتەكانیانەوە (ئەم جیاوازییانەش شایستەی تۆماركردنن، چونكە بزاڤی بەسەنتەركردنی مێینە جەخت لەسەر سەنتەرێتیی جەستەی مێینە دەكاتەوە لە كاتی دەستنیشانكردنی ناسنامە و شوناسیدا و پاشانیش بارەكە بەوە كۆتایی پێ دێنێت كە هیچ گرنگییەك لە جەستە و تایبەتمەندی و توێكاری و وەزیفەی بایۆلۆژیدا نییە، بەتەواوی وێنەی بزاڤی زایۆنیزمە، كە جەخت دەكات لەسەر جوولەكەیەتیی جوولەكە و پاشان دەیەوێت لەو جوولەكەیەتییە ڕزگاریان بكات).

ئێمە ئەو بۆچوونەی مادییەكانمان نییە كە دەڵێن جەستەی ئافرەت قەدەرێتی و تایبەتمەندییە توێكارییەكانیشی بریتییە لە سەرئەنجامی حەتمیی ئەو، بەڵكو دەڵێین لە ڕاستیدا ئەم جەستە و تایبەتمەندییانەی ئافرەت چەند سنوورێكی دیاریكراوی لەسەر فەرز دەكەن و ئەم سنوورانەش بوارێكی مێینەیی تایبەتی بۆ دەڕەخسێنن كە لە پیاوی جیا دەكاتەوە بێ ئەوەی دوورەپەرێز بێت لێی. زۆرێك لە بانگەشەكارانی بەسەنتەركردنی مێینە توشی هەڵچوون هاتن، كاتێك

یەکێك لە زانایان توێژینەوەیەکی بڵاو کردەوە کە تیایدا دەری دەخات زۆرێك لەو پاڵەوانە وەرزشکارانەی ئافرەت کە وەرزشیان کردووە بە پیشە، سکپڕ نابن، مەگەر دوای وەستانی چەند ساڵێك نەبێت لەوەرزشکردن. یەکێك لە زانایانیش توێژینەوەیەکی ناوازەی بڵاو کردەوە کە هەندێ پەیوەندیی هەیە لەنێوان سووڕی مانگانەی ئافرەت و ئەو عارەقەی بنباڵی پیاو دەیڕێژێت، گەرچی توێژەریش نەیتوانیوە بەوردی دەسنیشانی بکات. سەرەڕای ئەوەی ئەو توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی زۆر بەرایی و سەرەتاییە لەگەڵ ئەوەشدا بزاڤەکانی بەسەنتەرکردنی مێینە هەوڵیان دا ڕێگری بکەن لە بڵاوبوونەوەی ئەم توێژینەوە و توێژینەوەی تری هاوشێوە، واتە ئاڕاستەی ئایدۆلۆژی گرۆتینی گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی هەوڵی نکۆڵیکردنی ئەو ڕاستییە زانستییانە بدەن کە بیردۆزەکەیان دەپووکێنێتەوە، وەك ئەوەی لە قۆناغی ستالینیدا بین، کاتێك پێویست بوو لەسەر زانایان بە هەموو هێزیانەوە ڕاستێتی دەستەواژەکانی ماددیەتی دیالێکتێکی (المادية الجدلية) بسەلمێنن!

هەر وەك پێویستە توێژینەوەی ئەو ڕۆڵە کاولکارییەی هەندێك لە کۆمپانیا جیهانییەکان بکەین کە لە توێژینەوەیەکی پێشووتردا[1] بە فیردەوسی زەمینی (الفردوس الأرضي – ١٩٧٩–) ناوم بردووە و (ئیمپریالیەتی دەروونی) پێك دەهێنێت. لە کاتێکدا ئیمپریالیەتی

[1] ئاماژەیە بۆ توێژینەوەیەکی تری نووسەر. وەرگێڕ.

تەقلیدی بەردەوام بەدوای بازاڕدا دەگەڕێت بۆ بازاڕی شمەکەکانی و کرێکاری هەرزانبەها، ئەوە ئیمپریالیەتی دەروونی زۆر لەمە جیا نییە، تەنها ئەوەندە هەیە کە ئەم هۆشیاری ویژدانی مرۆڤ بواری بزاڤ و چالاکەکانێتی، واتە ئەم لە بواری ژیانی گشتیی زەمینیدا ناجووڵێ و بزاوتی نییە، بەڵکو لە بواری ژیانی تایبەتیی جەوانی (هەست و سۆز و ویژداندا) کە ئەمەش بازاڕێکە و دەکرێت بۆ تاهەتایی سنوورەکەی فراوان بکرێت، لە ڕێگەی فراوانکردنی ئارەزووەکانی مرۆڤ و بەرهەمهێنانی دۆخێك لە ڕاڕایی و ناهەوسەنگی و ناڕازیبوون لە ناخەوە، وەها دەبینێت کە ناتوانێت ئەم بارانەی تێپەڕێنێت، مەگەر لە ڕێگەی کڕین و بەدەستخستنی شمەکێکی دیاریکراوەوە نەبێت.

(لەم بوارەشدا) چەندان پیشەسازیی دامەزرێنراون (سەرمایەکانیان بلیۆنەها دۆلارە) و بەتەواوییش جەختی لەسەر ئافرەتە و ئەوانی کردووەتە ئامانج. کۆمپانیاکانی ئامادەکردنی جوانکاری و ئامرازەکانی، ئافرەتی کردووەتە ئامانجێکی سەرەکیی خۆی. لە ڕێگەی هەزارەها ڕیکلامەوە لە ئافرەتدا ئەو هەستە بەدی دێنن کە ئەو ئەگەر ئەو هەزاران بۆدرە و بۆن و کرێمانە بەکار نەهێنێت ئەوا سەرنجڕاکێشی (نەریتی سێکسی) لەدەست داوە و دەبێتە کەسێکی ناشیرین و قێزەون.

لە پاش ڕیشەداربوونی تەواوی ئەو قەناعەتە لە ویژدانی مێینەدا، سالآنە ئەو بۆدرە و دەرمانانە گۆڕانیان بەسەردا دێت، دەخوازێت لە

ئـافرەت ڕووی خـۆی بگۆڕێـت بـۆ ئـەوەی "بـەردەوام نـوێ بێـت" و"بـەردەوام داخـوازیی لەسـەر بێـت"، بـەم شـێوەیە ئـافرەت دەبێتـە بازاڕێکی هەمیشەنوێ بە شێوەیەکی ناکۆتا.

درندەیی پیشەسـازیی ڕازاندنـەوە و خۆنماییشـکردن هیچـی کـەمتر نییـە لـە ئامادەکارییـەکانی جوانکـاری، ئـەمیش پیشەسـازییەکە و چـەندان کـەناڵی ئاسمـانی و ئەسـتێرە و پاڵـەوانی هەیـە (زۆرینـەیان هاوڕەگەزباز و نەشازە سێکسییەکانن و لە یەك ساڵدا بەهۆی ئایدزەوە پێنجیـان مـردوون و پیشەسـازیی نمایشـکردنیش سـەرکەوتو بـوو لـە شـاردنەوەی هەواڵەکـە بـۆ ئـەوەی کاریگـەریی نـەبێت لەسـەر فرۆشتنەکانیان). لە زۆر کاتدا پێشانگاکانی ئارایشت و جلوبەرگ نزیك دەبنـەوە لـە بـەڕەڵایی و ئیباحیـەتی ڕوون و ئاشـکرا، ئـەوەتانێ زۆر هونەرکاری دەکەن لە شاردنەوەی کەسێتیی مرۆیی و کۆمەڵایەتییانەی ئافرەت و بەدەرخستنی جێ سـەرنجەکانی جەسـتەی تـاوەکو بیکەنـە جەستەیەکی سرووشتی/ماددی، بازاڕێکی گشتی کە تایبەتمەندیی نییە و دەکرێت شکستی پێ بهێنرێت و وەگەڕی بخەیت و بیکەیتە هۆکارێك. بـەم شـێوەیە لاشـە و ڕووی ئـافرەت لـە چوارچـێوە ماددییەکەیـدا ڕێنیشاندەری و تەرشیدی دەکرێت و لە جیهانی ژیانی تایبەت و هێمنی و ئارامییەوە ڕادەکێشرێتە جیهانی ژیانی گشتی و بازاڕ و گورگەلەقێ و ڕاڕایی.

ئەوەشی زیاتر قورِەکەی خەستتر کردووەتەوە ئەوەیە پیشەسازیی دەرمان و بۆدرەکانی خۆجوانکردن و ئامرازەکانی نمایش چەند پێوەرێکی جەمالیی جوانکاری وەها فەرز دەکەن کە پابەندبوون پێیانەوە زۆر قورسە و بە هیچ شێوەیەك لە توانادا نییە مەگەر بۆ کۆمەڵێکی سنووردارییی مێینە نەبێت کە خۆیان بۆ جەستەیان یەکلا کردووەتەوە (وێنەی ئەکتەرەکان و نمایشکارانی جلوبەرگ و ئارایشت، یان کچانی ڕیکلامەکان) ئەمەش بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندان نەخۆشیی دەروونی وێنەی نەخۆشی (أنارکسیا فورموزا)، ئەم نەخۆشییە هەستێکە تووشی ئافرەت دەبێت و وەهای لێ دەکات هەرچەندە زۆر جوان و چوست و چالاك و ڕێك بێت، خۆی زۆر ناشیرین و ورگن بێتە پێشچاو، بەهۆی ئەو ڕاڕاییە زۆرەی سەبارەت بە کێش و جوانییەکەی هەیەتی واز لە خواردن دەهێنێت و لە هەندێ کاتدا بە مردن کۆتایی دێت.

پێدەچێت ئەم نەخۆشییە لە ئاستێکی فراواندا بڵاو بێت (دەگوترێت ئەمیرە دیانا هەندێ کات تووشی ئەم نەخۆشییە بووە). وێنەی ئەم باسوخواسانەش لە چەند لقێکی نوێی کۆمەڵناسیی وەکو سۆسیۆلۆجیای ڕوو، سۆسیۆلۆجیای جەستە لە زانستی کۆمەڵناسیدا باسی لێوە دەکرێت.

پیشەسازیی ڕیکلامیش پاڵپشتە بۆ بەوەسیلەکردنی ئافرەت و بواری ئیمپریالیەتی دەروونی فراوانتر دەکات، لە هەمان کاتدا ئافرەت

بـەكار دێنێـت بـۆ بەرزكردنـەوەی حـەز و ئـارەزووە بەكاربەرییـەكانی هەریەكە لە پیاو و ئافرەت، لە لایەكی تریشەوە ڕۆڵی هەیە لە دووبـارە بەرهەمهێنانـەوەی وێنـەی ئـافرەت بـەو پێیـەی جەسـتەیەكی مـاددیی ڕووتە و دانراوە بۆ حەزە ماددییـە ڕاسـتەوخۆكان. دواتـر پیشەسـازیی سینەما (هۆلیود) لە ولاتـە یەكگرتووەكانـدا دێ و جـارێكی تـر وێنـەی ئافرەت لە ویژدانی هەمووماندا دادەڕێژێتەوە و هەموو پیرۆزییەكی لـێ دەردەهێنێت و ڕووتی دەكاتەوە، نـەك تـەنها لـە جلـەكانی، بـەڵكو لـە هەسـتی مرۆڤییانـە و پێكهاتـە ژیـاری و كۆمەڵایـەتی و تایبەتمەندییـە ڕۆشنبیرییەكانی، بە شـێوەیەك دەبێتـە وێنـەی ئـەو مرۆڤـەی لەلایـەن سیستەمی نوێی جیهانییەوە پێشنیار كراوە: مرۆڤێكی بێ یادەوەری و هـۆش، مرۆڤـی سـەردەمی پـاش نوێگـەری و ئـەو جیهانـەی بێچـەقە (یەكێك لە بەرێزەكان زاراوەی (پاش بیكینی – مابعد البكینی) بـەكار هێنـاوە (كـە بـە ئینگلیـزی: پۆسـت بیكینـی – post bikini) پـێ دەوترێت لەسەر هـەمان بـەكارهێنانی پـاش نوێگـەری (بـە ئینگلیـزی: پۆست مۆدێرنست – post modernist) بۆ ئەوەی ئاماژە بكـات بەوەی ئەم ئاڕاستەیە ڕوو لە ڕووتكردنەوە و دامـاڵینی هەمەلایەنەیـە و تێڕوانینمـان ڕووە و ئـەو پەیوەندیەیـە ئاراسـتە دەكـات كـە لـەنێوان ڕووتكردنەوەی ئافرەت لە جلەكانی و ڕووتكردنەوەی مرۆڤ لە مەنزوومە بەهایی و تایبەتمەندییە نەتەوەییەكانیدا هەیە.

لەوانەیە بەکەڵك بێت ئەگەر پەیوەندییەك ببینینەوە لە نێوان بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینە و چەمکە شاراوەکانی ناوی و گرێدانی بە پرۆسەی بازاڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەندەوە، هەریەکەیان دوژمنن بە مێژوو، وە هەریەکەشیان دەخوازن مرۆڤی عەرەبی ڕابردوو هۆشی خۆیان لەبیر بکەن و لە نوێوە دەست پێ بکەن .

لە هەمان کاتدا دەکرێت سوودیش لەوەدا ببینینەوە کە ئەو پەیوەندییەش هەست پێ بکەین کە لەنێوان بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینە و چەند دیاردەیەکی نوێی کۆمەڵگەکەماندا هەیە وەکو ئەو گرنگیپێدانە گەرموگوڕەی لەلایەن هەندێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارە میسرییەکان دەدرێت بە سێکس، لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی عامی میسری لەو بڵاوکراوانە و لە ڕیکلامەکانیدا. ئەو سێکسەی ئەو بڵاوکراوانە تاوتوێی دەکەن بارێکی مرۆڤیانەی پێکهاتە و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی نییە، بەڵکو بۆ کاتبەسەربردن و ئابڕووتکانە، واتە بریتییە لە کردەیەکی دەرهێنانی پیرۆزی لە مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە بابەتێکی سادە و دەستەمۆ، نەك بوویەکی پێکهاتەی مەزن. لەم چوارچێوەیەشدا ئابڕووچوونەکانی ئەستێرە سینەماییەکان و ژیاننامە خودییە بۆگەنەکانیان لە گرنگترین هەواڵ و وێنە مەجازییە سەرەکییەکانە، لێرەشەوە مرۆڤ لە ژیاننامەی فلانی سەماکەردا دەتوێتەوە کە هیچ شتێکی لە ژیانیدا ئەنجام نەداوە جگە لە زنجیرەیەك شووکردن و ژمارەیەك لە ئابڕووچوون نەبێت.

بەكارهێنانی عامیش زۆری لەمە جیاوازتر نییە، جا ئەگەر عامیبوون بەتەنها ببێتە قووڵگەی یادەوەرییە مێژووییەكانمان، ئەوا (أمرؤ القیس و بوحتری و ابن خلدون و إبن سینا)[1] لە دەست دەدەین، واتە هەموو شتێكمان ون كردووە بەمەش كلاسیكیبوونمان بریتی دەبێت لە گۆڕانی شكوك و وتەكانی ئیسماعیل یاسین.

لەو بڕوایەدام ئەو مرۆڤەی چاو لە فلان سەماكەر دەكات و هیچیشی یاد نایەت جگە لە هەندێ فیلم و گۆرانیی میسری نەبێت، ئەوا دەبێت بە مرۆڤێك كە بەتەواوی پووچ كراوە و هەڵوەشێنراوەتەوە، لێرەشەوە دەتوانێت بە لێوەشاوەییەكی زۆر بەرزەوە لە بازاڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەندا بزاوتی هەبێت، چونكە بازاڕی عەرەبی خوازیاری مرۆڤێكی ترە كە خاوەنی ناسنامە و یادەوەری و هەڵگری مەنزو،مەیەكی بەهایی تر بێت، لە ڕاستیدا بزاڤی بەسەنتەركردنی مێینە بریتییە لە بەشێك لەو هێرشە گشتگیرەی دژ بە بەها و یادەوەری و هۆشیاری و تایبەتمەندییەكانی ئێمە و كۆمەڵگا موسوڵمانەكان و پێویستە ئێمەش هەست بەوە بكەین و تێی بگەین، تاوەكو جەنگەكەمان لاوەكی نەبێت و ناهۆشیار نەبێت بە خودی خۆی.

---

[1] دیارە دكتۆر مەسیری لێرەدا وەك عەرەبێكی خاوەن ژیاری تایبەتی گرێدراو بە ڕەمزە جۆراوجۆرەكانەوە دەدوێت. وەرگێڕ.

# کۆتایی

هەموو ئەمانە بیروبۆچوونێکی تا ڕادەییەك بنەمایی (مبدئی) بوون، بەتەنها هێڵـە گشـتییەکان، بـەڵام ئـەوەی سـەرجەمیان کۆ دەکاتـەوە ئەوەیـە کـە خـاڵی بـەرایی و یەکـەی شـیکاری بریتییـە لـە مرۆڤـی کۆمەڵایەتی نەك مرۆڤی سرووشتی، کە ئەوەش خێزانە، نەك کەسـێکی سەرکەشی پەرتی  تەنهای وەها کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕای دەماڵن و دەزگا گەورەکان دەیبزوێنن.

هیواخوازم لە قسەکانم وەها تێنەگەن کە مـن دان نـانێم بـە بـوونی دۆزی ئافرەت لە کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامیەکانماندا، یان چـەند پلـە و ئاسـتێکی جیاکـاری و هـەڵاوێردن لـە دژی ناگیرێتـە بـەر، بـەڵکو سەرکوت دەکرێت. من ئاگادارم (بەو پێیەی مامۆستای کۆلێژی کچان بووم بۆ ساڵانێکی درێژ) کە چـەندان گرفتـی توندوتیـژ و قـووڵی وەهـا هەیە کە خوازیاری چارەسەرێکی خێرا و ڕیشەییە، هەروەها خوازیـارم هیچ کەسێکیش وەها نەبینێت من خوازیاری ڕێگریی کاری ئـافرەتم لـە ناوەندی ژیانی گشتیدا یان دژ بم بە وەرگرتنی کرێیەکی نەختینەیی لە بری کارەکانی، یا خوازیاری ئەوە بم سانسۆر و حیجر بخرێتە سەری لە ڕووی عـەقڵی و عاتیفیـەوە، هـەموو ئـەوەی داوای دەکـەم بـاس و تاوتوێکردنی دۆزی ئافرەتە لە میانەی دۆزی خێزان و لە چوارچێوەی

مرۆڤایەتییانەی هاوبەشمانەوە، وە خێزان (نەك ئەو تاكەی بەدووی چێژە تاكەكانی و بەرژەوەندییە كەسی و بزاوتە بەكاربەرییەكانی خۆی بگەڕێ) بریتی بێت لە یەكەی شیكاری و خاڵی لەسەردوان.

هەر لێرەوە من خوازیار و داواكاری گەڕانەوەی ئیعتبارم بۆ دایكایەتی و پیشەی ئافرەت وەك دایك و ژن، وە وەها دەبینم ئەم پیشە "مرۆیی" و "تایبەتە" پێش هەر پیشەیەكی "بەرهەمكاری" و "گشتی" تر دەكەوێت، هەرچەندە ناشیسرێتەوە. هەر وەك خوازیار و داواكارم چاودێریی ئەوە بكرێت كە جیاوازییەكانی هەردوو ڕەگەزەكە سەر نەكێشێت بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەك بۆ ستەم و جیاكاری.

كۆتایی ئەم وتارەم دەهێنم بە ئاماژەدان بۆ دوو ڕووداوی كورت: یەكێكیان لە ژیانی تایبەتیم و ئەوی تریان لە ژیانی گشتیم.

كاتێك خۆم و خێزانم (د. هدی حجازي) ڕۆیشتین بۆ وڵاتە یەكگرتووەكان بۆ تەواوكردنی خوێندن، لەو كاتەدا من لە گەورەترین بانگەشەكار و داخوازیكارانی ئازادیی ئافرەتان بووم لە چوارچێوەی یەكسانییەكی وەها كە لە پێكیەكسان بوون و وەكیەكی (تسوية) نزیك دەبوویەوە. خێزانەكەم پەیوەندیی كرد بە بەرنامەی ماستەرەوە و وەهام بە باش زانی بەتەواوی یەكلا نەبێتەوە بۆ خوێندن تا خوێندنەكەی لەگەڵ ئەركەكانیدا وەك دایك دژ نەوەستێت. بۆیە ئەم پلە زانستییەی بە لەسەرخۆییەكی زۆرەوە بەدەست هێنا. (لە هەر وەرزێكی خوێندندا وانەیەك یان دوو وانەی دەخوێند).

بــەڵام کاتێــك هــەلی خوێنــدنی لەبەردەمــدا ڕەخســا بــۆ ئــەوەی پەیوەنـدی بکـات بـە بەرنامـەی دکتـۆراوە بارەکـە یەکلاییبوونـەوەی تەواوی دەخواست، لێرەوە دەبووایە پشت بە هاوکارێك ببەستێت بۆ منداڵـەکان (بـە ئینگلیـزی: بـەیبی سیتەر – baby -sitter)ی پـێ دەڵێن.

بۆ ئەمە ڕێگری زۆرم لێ نەکرد و داوام لێ کرد ئەم هەلە بقۆزێتەوە و هیچ کاتێك بەفیڕۆ نەدات (ئەگەر ئەوەی بکردایە ئەوا پلەی دکتـۆرای بەدەسـت دەهێنـا پـێش ئـەوەی بگاتـە بیستوشـەش سـاڵ و ژیـانی پیشەیی گشتیی خۆیی Career لە سەرەتای تەمەنییەوە دەست پێ دەکرد).

بـەڵام ئـەوەی سـەیر بـوو بەلامـەوە ئـەوە بـوو ئـەو بـە کتـوپڕی پێشـنیارەکەمی پەسـەند نـەکرد و ئەوەشـی ڕەت کـردەوە کـە لـە دەرەوەی ماڵدا کار بکات، چونکە هەستی بەوە دەکرد کە پەیوەنـدیی ڕاستەوخۆی نێوان دایك و منداڵ کارێکە ناکرێت بە درێژایی ژیان بریتی بکرێتەوە. ئـەم خوێنـدن و زانیارییـەی ئـەو منداڵەکـەی لـەوە بێبـەش دەکات کە مافی ئـەوەی هـەبێت هـەر کاتێـك بیـەوێ بەخەبـەر بێـت و ساڵەکانی بەرایی ژیـانی لـە هێمنـی و بـەختیاری و هێدیبوونـدا بەسـەر بەرێت، ئا لەو ساتەدا دەروونم بەخەبەر هات، چونکە بەهۆی عەقڵیەتی بەدەسـتهێنانی (برومیثیـة) و بەرهـەمهێنانی (فاوسـتی)ییەوە کـە ئـەو کاتە هەژموونیان بەسەرمدا هەبوو ئەم کاروبـارە گەردوونییـە سـادانەم

هەسـت پـێ نـەدەكرد، منداڵەكـە گـەورە بـوو، هەریەكـە لـە دایـك و منداڵیش دكتۆرایان بەدەست هێنا و مێژووش كۆتایی پێ نەهات.

بەڵام سەبارەت بە خۆم دەزانم هەندێ پەشیمانیم تووش هـات هـەر وەك دەشزانم گەیشتم بە زۆرێك لە دانایی.

بەڵام ڕووداوی دووەم هەر وەكـو لەپێشـەوە وتم لـە ژیـانی گشـتیدا بوو، یەكێك لە خانمە ئەمەریكییـەكانم دەناسـی كـە لـە پێشـەنگەكانی بزاڤی بەسەنتەركردنی مێینە بوو، لە ساڵی ١٩٧٤ دا سـەردانی خـۆم و خێزانەكــەمی دەكــرد، پێــی خــۆش بــوو كــە یەكترناســین لەگــەڵ پێشـەنگەكانی بزاڤـی ئـازادكردنی ئـافرەتی میسـریدا بكـات. منـیش پەیوەندیم كرد بە دكتۆرە (سهیر القلماوي)یـەوە — بـەر بـەزەیی خـوا بكەوێت— ئەویش بەسوپاسەوە ئامادەیی دەربڕی و هەموومان لەسـەر مێزی خواردن لە میوانداریپەكدا پێك گەیشتین. پەیڤین لە نێوان خانمە ئەمەریكییەكە و دكتۆرە (سـهیر) دەسـتی پـێ كـرد، قسـەمان لەسـەر یەكسانیی نێوان پیاو و ئـافرەت و ئـازادكردنی ئـافرەت كـرد. دكتـۆرە (سهیر) ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر قسەكانی تا گەیشتە خاڵێك، ئا لەو كاتەدا دكتـۆرە (سـهیر) هەسـتی كـرد كارەكـە تـەنها قسـەكردن نییـە سەبارەت بە ئازادكرنی ئافرەت، بەڵكو ورووژاندنیەتی بەرانبەر بە پیاو و دابڕانیەتی لێی.

لێرەدا دكتۆرە (سهیر) قسەكردنی لەگەڵ ئەودا بە زمانی ئینگلیـزی وەسـتان و ڕووی لـە مـن كـرد و بەعـەرەبی پێـی وتم: ئـەم خانمـە چـی

دەوێت؟ ئەگەر بە ڕاوبۆچوونەکەی ئەو بکەین، شتێکی ئەستەمە جارێکی تر بتوانین نێر و مێ پێکەوە کۆ بکەینەوە؟ پاشان بەردەوام بوو لە قسەکردن بە ئینگلیزی. قسە سادە و نایابەکانی ئەو جیاوازییە توندەی نێوان بزاڤی ئازادکردنی ئافرەتان و بزاڤی بەسەنتەرکردنی مێینە پوخت دەکردەوە و ئەو جیاوازییەشی ڕوون دەکردەوە کە لە نێوان ئەوانەدا  هەیە کە هەست بە بوونی مرۆییانەی هاوبەش دەکەن لەگەڵ کەسانێکدا کە ڕەتی ئەو هاوبەشێتییە دەکەنەوە، هەروەها لە نێوان کەسێك کە وەها دەبینێت کۆمەڵگە لەپێشینەیی هەیە بەسەر تاکدا و کەسێك وەها دەبینێت خودی تاکێتی بە سەرەتا و کۆتا دەزانێت، بە هەمان شێوە لە نێوان ئەوەی مرۆڤ دەخاتە پێش سرووشت و ماددەوە و کەسێك پێچەوانەی ئەمەیە و وەها دەبینێت کە ماددە لە پێشینەیی هەیە بەسەر هۆش و ژیار و ئاراستە کۆمەڵایەتیی و ڕەوشتییەکاندا. خواش زاناترە.

سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

**سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی**

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.